# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**٤٥٢**

گۆڤاری پێشڕەو - ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم - ژمارە ٤٥٢ - جۆزە ردان - ژوئن ٢٠٢٤


**سەروتار**

## پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی

## لە گرەوی دەستپێشخەریی سیاسی چینی کرێکاردایە

هەروەک چۆن بەبێ بەشداری بەهێزی چینی کرێکار لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی ئێراندا، سەرهەڵدانی بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە دژوارە، بەبێ گرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن ئەم چینە کۆمەڵایەتییە، تێکشکاندنی کاملی ماشێنی دەوڵەتی و ڕێکخستنی لەناو حکوومەتێکی شۆرایی، پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی جەماوەری، ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری مومکین نییە. بە بێ دەستپێشخەری سیاسی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی ئەم کۆمەڵگایە، پێشکەوتنی شۆڕش زەمانەت ناکرێت. لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧دا لە نەبوونی ڕێکخستن و بەشداری سەربەخۆی چینی کرێکار لە مەیدانی خەباتی سیاسی ئێران، دژەشۆڕشی ئیسلامی بە یارمەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان ئامرازی حازر و ئامادەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوە گرت و لەڕێگەی هەر ئەم ماشێنە سەرکوتەوە کاری ناتەواوی سەرکوتی شۆڕش، کە ڕژیمی شا دەستی پێکردبوو بە سەرەنجامی گەیاند. شۆڕشی لەدایک نەبووی ساڵی ٧٥ لەژێر ڕووخاوەکانی ڕژیمی پاشایەتیدا نێژرا. لە شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی ڕووسیەدا ئەگەر چینی کرێکاری ڕێکخراو لەناو شۆراکان بە هیدایەتی حیزبی بولشویک، ڕێبەریی شۆڕشیان بەدەستەوە نەگرتبا، لەوانە بوو چارەنووسی ساڵی ١٩٢٢ی ئیتالیایان بەسەر هاتبا کە تێیدا ڕەوتی فاشیست بە سەرکوتی مانگرتنی کرێکاری و نەیارانی سیاسی دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت.

ئەمجارەیان ئەگەر نەمانهەوێ شۆڕشی داهاتووی ئێران چارەنووسی ڕاپەڕینی ٥٧ی بەسەر بێت، پێویستە هەر لە ئێستاوە پێداویستییەکانی دابینکردنی ڕێبەری



**بۆ یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد**



**کۆماری ئیسلامی لەبەردەم شکستێکی دیکەدا**

**ئەمریکا و عەرەبستان لە قۆناغی موعامەلە لەسەر چارەنووسی فەلەستین**




**ڕێکخراوی جیهانی کار هاودەستی حکوومەتی ئیسلامی دژبە مافی کرێکاران**

چینی کرێکار لە سەیری پێشڕەوی شۆڕشدا ئامادە بکەین. لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا بەشی بەرینی بزووتنەوەی چەپی ئێران لە فکری هێنانەمەیدانی خەڵک و وەڕێخستنی شۆڕشێکی هەمووان پێکەوەدا بوون، ئەگەر ناوی چینی کرێکاریشیان هێنابا وەک بەشێک لەم بەرە خەڵکییە، لەسەر دەورونەخشی تەئکید دەکرا. لە کلتووری زاڵی چەپی ئێرانی ئەو سەردەمەدا چینی کرێکار وەک چینێک بە خواستی چینایەتی و هێزی کۆمەڵایەتی ستراتێژی سۆسیالیستی، جێگەو پێگەیەکی نەبوو. ئەمجارەیان ئەگەر دەمانهەوێ لە شۆڕشی داهاتووی ئێراندا ئاواری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەسەر سەری کرێکاران و زەحمەتکێشاندا نەڕووخێت، کرێکارانی کۆمۆنیست هەر لە ئێستاوە پێویستە بیر بکەنەوە لە پێکهێنانی ئۆرگانی جەماوری بۆ هیدایەتی خەبات لە بارووەدۆخی ئێستا و گرتنەوەی دەسەڵات لە دواڕۆژی ڕووخانی ڕژیم. لەم پێوەندەدا پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکانی ناو کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان یەکجار گرینگ و چارەنووسسازە.

پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان هەم ڕیشەی لە ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوەی کرێکاری جیهان، و هەم ڕیشەی لە ئەزموونی خەباتی خودی کرێکارانی ئێراندایە. چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ئەم ئەزموونە مێژووییانە یارمەتیمان دەدات لە بینینی ئەو پۆتانسیەل و زەرفییەتانەی کە هەر ئێستا دەتوانن زەمینەسازی پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان بن. ئاوڕدانەوەیەک لە ئەزموونی شۆرا کرێکارییەکانی ڕووسیەی ساڵی ١٩٠٥ کە وەک ڕێکخراوی جەماوەری و نوتفەی دیموکراسی ڕادیکاڵی کرێکاری بایەخێکی مێژوویی و جیهانییان پەیدا کرد، پێمان دەڵێت کە لە زۆر حاڵەتدا ئەم شۆرا کرێکارییانە لە دڵی کۆمیتەکانی مانگرتن و لە دڵی کۆمیتەکانی کارخانەدا سەریان هەڵدا. لە هێندێک حاڵەتیشدا شۆرا کرێکارییەکان لە دڵی کۆبوونەوەی گشتی واتە مەجمەعی عمومی کرێکاران لە ناوەندە سەنعەتییەکاندا شکڵیان گرت و خۆیان ڕێکخست. ئەم شۆرایانە لە جەرگەی خەبات و مانگرتنی کرێکاراندا پێکهاتن و حیزبی سۆسیال دیموکرات یان باقی حیزبە چەپ و سۆسیالیستەکان لە پێکهێنانیاندا دەورونەخشێکیان نەبوو. هێندێک جاریش بووە کە چالاکانی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیە لە ڕێکخستنی ئەم شۆرایانەدا ڕۆڵی چالاکیان بینیوە. لە ئێرانیش لە دوای شۆڕشی ٧٥، شۆرا کرێکارییەکان لە دڵی کۆمیتەکانی مانگرتندا سەریان هەڵدا. کۆمیتەکانی مانگرتن لە جەرگەی مانگرتنە کرێکارییەکانی کرێکارانی سەنعەتی نەوت بەتایبەت لە نیوەی دووهەمی ساڵی ٥٧دا شکڵیان گرت. لە پاڵاوگەی ئابادان کۆمیتەی مانگرتن داوای لە هەموو کرێکاران کرد کە بۆ هەڵبژاردنی شۆراکان لە مەجمەعی عموومیدا بەشداری بکەن. هەر ئەم ئەزموونەش لە مەیدانە نەوتییەکان و لە باقی پاڵاوگەکانی تاران، شیراز، تەورێز، کرماشان و ئیسفەهان دووپات بووەوە. هاوکات کرێکارانی ناوەندی پێترۆشیمی لە نزیکی ئابادان شۆراکانی خۆیان پێکهێنا. بەڵام دژەشۆڕشی ئیسلامی ڕێگەی نەدا کە ئەم بزووتنەوە شۆراییە جەماوەری بێتەوە. ئەم ئەزموونە مێژووییانە یارمەتیمان دەدات تا زەرفییەتەکانی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بۆ پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان لەناو کارخانە و ناوەندە سەنعەتی و خزمەتگوزارییەکان باشتر بناسین. ڕەوتی تەکامولی کۆمیتە نهێنییەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن، بزووتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکان لەگەڵ شۆرا کرێکارییەکان لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا ڕەوتێکی ئارام و هەنگاو بە هەنگاو نابێت و ئەم ڕەوتە دەتوانێ زۆر خێراتر بێتەوە.

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠وە هەتا ئێستا ڕەوتێکی ڕوو لە گەشەی بووە. لەم ماوەیەدا هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتی گەورە و چکۆلەی تەجروبە کردووە.



بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و ناڕەزایەتی لەماوەی ساڵی ڕابردوو یەکێک لە چالاکترین و ناڕازیترین بزووتنەوە کرێکارییەکانی جیهان بووە. لە جەرگەی ئەم مانگرتنانەدا نەسلێک لە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری پەروەردە بوون و هاتوونەتە مەیدان کە زۆربەیان ئەزموونی ڕێکخستن و ڕێبەری مانگرتن، ئەزموونی بەرپایی مەجمەعی عموومی کرێکاری و دەخاڵەتدانی کرێکاران لە بڕیاردانیان هەیە. کرێکارانی ئازەراب و هێپکۆ لە ئەراک، مانگرتنی کرێکاری و بەرپایی مەجمەعی عموومییان تەجروبە کردووە. کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی تەجروبەی پێکهێنانی شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی پەیمانی، ڕێکخستنی مانگرتنی سێ مانگە و بەڕێوەبردنی مەجمەعی عموومییان هەیە. کرێکارانی فوولادی ئەهواز، مەعدەن و ڕێگەی ئاسن و ناوەندەکانی تر، خاوەنی ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و ڕێکخستنی مانگرتنی کرێکارین. موعەلیمان، ڕێگای بەڕێوەبردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەرییان نیشان دا. کرێکارنی حەوت تەپە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا دەیان جار مەجمەعی عموومی کرێکارانیان بەڕێوەبردووە و ژیانی شۆراییان تەجروبە کردووە.

ئەم ئەزموونانە پێمان دەڵێن کە ماتریالی ئینسانی و کادری ڕێکخەر، کە بە ئیدەی دەخاڵەت دانی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە بڕیاردان و بە ئیدەی شۆرایی بارهاتوون، لەناو بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بوونی هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی کرێکاری بزووتنەوەیەکی زیندووە و بەردەوام لە جموجۆڵ دایە و ڕۆژانە شایەدی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکارین. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە حاڵی حەرەکەتدا بێت، ڕێگای تەکامولی خۆی پەیدا دەکات. بێگومان پێکهێنانی شۆرای کرێکاری لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییەکان پێویستی بە هاوسەنگییەکی هێزی گونجاوترە. بەڵام پێویستە ئەم واقعییەتەشمان لەبەرچاو بێت کە هەوڵی ڕێکخراو بۆ پێکهێنانی شۆراکان، خۆی بەشێکە لە خەبات بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاری و سەروساماندان بە پایەکانی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی.

لە لایەکی دیکەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقعییەتە کە: حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران لە قەیرانی جۆراوجۆردا گرفتارە، قەیرانی سەرمایەداریی ئێران هەژاری و نەهامەتییەکی بێوێنەی بەسەر چینی کرێکار و بەشمەینەتانی کۆمەڵگەدا سەپاندووە، حکوومەتی ئیسلامی ڕێگایەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بارودۆخە نییە، ستراتێژی ناوچەیی ڕژیم بۆ زەمانەت کردنی مانەوەی نیزامی ئیسلامی گەیشتووەتە بنبەست، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی چەند ساڵی ڕابردوو حکوومەتی هیلاک و ئاڵۆز کردووە، شکستێک کە جەماوەری وەگیانهاتوو لەم بارودۆخە لە جەریانی شانۆی هەڵبژاردن بەسەر ڕژیمیاندا سەپاندووە سەرانی ڕژیمی لە گیانی یەکتر بەرداوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لەم بارودۆخەدا وەک ماری برینداری لەخۆی دەهاڵێ و بۆ پاراستنی نیزامی ئیسلامی هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتێژی ڕووی کردووەتە پەرەپێدانی سەرکوت، بەردەوام زیندانیان ئێعدام دەکات و گرتن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان درێژە دەدات، شەڕێکی سەرتاسەری لەدژی ژنان دەستپێکردووە و بەردەوام پەرەی پێدەدات.

لە وەها بارودۆخێکدا کلیلی زەمینگیرکردنی ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ڕژیم لە دەستی چینی کرێکاردایە. تەنها چینی کرێکارە کە دەتوانێ بە مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، بۆ نموونە ناوەندی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، سەنعەتی فوولاد، ماشێنسازی، زەوبی ئاهەن، مەعدەن و ڕێگەی ئاسن و ... بە فەرمانی وەدیهێنانی خواستی دەستبەجێیی کرێکاران و خانەنشینان، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، کۆتاییهێنان بە سزای ئێعدام و ڕاگرتنی دەستبەجێی هێرش بۆسەر ژنان، فشار بخاتە سەر حکوومەتی ئیسلامی و ماشێنی سەرکوتی ڕابگرێت. ڕێگایەکی لابڕ بوونی نییە. مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێ هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا هاوئاهەنگ وەحەرەکەت بخات. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران تێک بدات، بۆشایی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و توانای سەرکوتیان زەمینگیر بکات و زەمینەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی فەراهەم بکات.

❊ ❊ ❊

# ئەمریکا و عەرەبستان لە قۆناغی موعامەلە لەسەر چارەنووسی فەلەستین

دەوڵەتەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعوودی بە کەڵک وەرگرتن لە شەڕی درێژخایەنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین، لە زیندووکردنەوەی گەڵاڵەیەکی ستراتێژیک نزیک بوونەتەوە کە لەگەڵ دەستپێکی شەڕ لە غەززە ڕاگیرابوو. ئەم گەڵاڵەیە مەبەستیەتی کۆتایی بە شەڕ لە غەززە بهێنێت و لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی هاوبەشی ئەوان و ئیسرائیل بپارێزێت. دیارە لەم پلانەدا هیچ بوارێک بۆ حەماس لە پاراستنی دەسەڵات و حاکمیەت بەسەر کەرتی غەززەدا نامێنێت. جێبەجێکردنی گەڵاڵەی ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و عەرەبستان لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە دۆخێکدا کە چین پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی ناوچەی کەنداو بە خێرایی فراوانتر دەکات، بۆ ئەمریکا لەبواری ئابوورییەوە زۆر گرینگە. لەم پێوەندییەدا، سولیڤان دانی بەوەدانا کە دەرفەتی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی ئاسۆی ئیسرائیلێکی ئەمن شانبەشانی هاوبەشە بەهێزەکانی ناوچەیی و دروستکردنی بەرەیەکی بەهێز بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژی و پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە، نابێت لەدەست بدەین. لەلایەکی دیکەوە درێژەی شەڕ و جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە بە پشتیوانی ئەمریکا، بووەتە هۆی ئەوەیکە ناڕەزایەتی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز و بەرابەری تەڵەب لە ئەمریکا و سەرتاسەری جیهان دژبە ئەمریکا پەرە بستێنێت. ئەمریکا دەیهەوێ لەڕێگەی بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە کە بەڕواڵەت باس لە کۆتایی شەڕیش دەکات، ئەم جۆرە فشارانە لەدژی خۆی کەم بکاتەوە. بەتایبەت ئەوەیکە بڵاوبوونەوەی هەواڵی وەها ڕێککەوتنێک لە بارودۆخێکدا کە ئەمریکا لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری نزیک دەبێتەوە، بۆ دەوڵەتی بایدێن گرینگە.

لەم ڕووەوە، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە لەگەڵ عەرەبستان چڕتر بووەتەوە. سەفەری یەک لە دوای یەکی ئانتۆنی بلینکێن وەزیری دەرەوە، برت مەک گورک بەرپرسی بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و جەیک سولیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێرناوی "هەوڵ بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی فەلەستین"، لەم ڕاستایەدا بووە. هەواڵنێری ڕوویتێرز ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی مانگی گوڵان ڕایگەیاند کە: "جەیک سولیڤان ڕۆژی شەممە لە "زەهران"ی عەرەبستان، لەگەڵ محەممەد بن سەلمان وەلیعەهدی عەرەبستان وتووێژێکی چڕوپڕی کردووە و بەدوایدا ڕۆژی یەکشەممە ڕەوانەی ئیسرائیل بووە تا لەگەڵ کاربەدەستانی ئیسرائیلیش گفتوگۆ بکات". دەوڵەتی عەرەبستانی سعوودیش دوای ئەم دیدارە لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە ڕایگەیاند: "نوسخەی نیوە نیهایی "ڕێککەوتننامە ستراتێژیکەکان" لە نێوان عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا ئامادە کراوە کە هەوڵی هەر دووک لا بۆ دۆزینەوەی "ڕێگایەکی متمانەبەخش و مەسیرێکی موعتەبەر" بەرەو ڕێگاچارەی دوو وڵاتی لە فەلەستین لەخۆدەگرێت. لە ڕوانگەی عەرەبستانەوە ئەم ڕێککەوتنە، مافی ڕەوای خەڵکی فەلەستین وەدی دەهێنێت. لە پەیوەند لەگەڵ غەززەش ئەم بەیاننامەیە ئاماژەی بە پێویستی دەستبەجێی ڕاگرتنی شەڕ و ئاسانکاری بۆ گەیاندنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە کردووە".

قەبووڵکردنی "ڕێگاچارەی دوو وڵات" لە مەسەلەی فەلەستین کە هێشتا وردەکارییەکانی ڕوون نەکراوەتەوە، لەم موعامەلەیەدا وەک ئیمتیازێک لەلایەن ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری بە عەرەبستانی سعوودی بە حیساب دێت. لە بەرامبەردا عەرەبستانی سعوودیش بۆ



یەکەم جار لە سەردەمی دامەزراندنی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ەوە، ڕایدەگەیەنێت کە ئیسرائیل بەڕەسمی دەناسێت. مەرجی عەرەبستانی سعوودی بۆ بەڕەسمی ناسینی دەوڵەتی ئیسرائیل هەتا ئێستا "پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لەچوارچێوەی سنوورەکانی ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ ئیسرائیل و پایتەخت بوونی بەیتولموقەددەسی ڕۆژهەڵات" بووە، کە لەم گەڵاڵەیەدا ئاماژەی پێ نەکراوە. بەڵام ئەمە تەنیا ئیمتیازێک نییە کە عەرەبستان بە ئەمریکا و ئیسرائیلی داوە. بەڵکوو لەم بەیاننامەیەدا نووسراوە کە زەمانەتی ئەمنیەتی و کۆمەکی غەیری نیزامیش بەشێک لەم ڕێککەوتنەیە. سەرەڕای ئەمەش، ئەوەی لەم گەڵاڵەیەدا بە چارەسەری دوو دەوڵەتی ناودەبرێت، تەنانەت بە مەرجی قبوڵکردنی ئیسرائیل، پلانێک نییە کە بتوانێت سەروەری خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین بەسەر چارەنووسی خۆیاندا بەدیبهێنێت.

سولیڤان بۆ ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە، چووەتە ئیسرائیل بۆ ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی نەتانیاهۆ گفتوگۆی لەسەر بکات. حکوومەتی ڕاستڕەو و فاشیستی نەتانیاهۆ بە سیاسەتی درێژەدان بە شەڕی غەززە ڕووبەڕووی پەرەسەندنی قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و حکوومەتی بووەتەوە. شەڕێک کە لەبواری گیانی و ماڵی و ئەمنیەتییەوە بەهای زۆری بۆ خەڵکی ئیسرائیل هەبووە. لەو ماوەیەدا دەوڵەتی ئیسرائیل نەتەنیا نەیتوانیوە هیچ کام لە ئامانجەکانی خۆی واتە "نابوودیی حەماس، گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوان و پێکهێنانی ئەمنیەت لە سنوورەکان" وەدی بێنێت، بەڵکوو بەرەوڕووی ناڕەزایەتی ڕۆژانەی خەڵک بووەتەوە کە خوازیاری ڕاگرتنی شەڕ و گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوانن. جگە لەوەش بەردەوامبوونی شەڕی فەرسایشی بووەتە هۆی توندبوونەوەی ناکۆکی و ململانێی دەسەڵات لەناو کابینەی جەنگی نەتانیاهۆ و بەگشتی دەوڵەتی خستۆتە لێواری دارمانەوە.

پرسی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کەرتی غەززە لەدوای کۆتایی شەڕیش بووەتە یەکێک لە میحوەرەکانی ناکۆکی لە نێوان ڕەوتە فاشیست و توندڕەوە ئایینییەکان کە خوازیاری درێژەی شەڕ و داگیرکردنی دایمیی غەززە و خوازیاری هێرش بۆسەر شاری "ڕەفەح"ن، لەگەڵ کەسانێکی وەک "یوئاف گالانت" وەزیری بەرگری و "بنی گانتس" ئەندامی کابینەی جەنگی ئیسرائیل. ئەوان خوازیاری ئەوەن کە لەدوای کۆتایی شەڕ ئیدارەی غەززە بە فەلەستینییەکان بسپێردرێ. تا جێیەک کە "بنی گانتس" بە دانی ئۆلتیماتۆمێکی ٢٠ ڕۆژە بە نەتانیاهۆ هۆشداری داوە کە ستراتێژییەکی نوێ بۆ شەڕی غەززە کە بریتی بێت لە "کۆتایی شەڕ، ئیدارەی غەززە لەلایەن فەلەستینییەکان بە هاوکاریی دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان، کۆتایی هێنان بە حاکمیەتی حەماس، گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوان، ئیجباری کردنی خزمەتی سەربازی بۆ یەهوودییە توندڕەوەکان و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ عەرەبستان" ئامادە بکات. ئەگینا ئەو و ئەندامانی دیکەی حیزبەکەی لە کابینەی جەنگی دەچنە دەرێ. ئەم شەش مەرجە لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی هەمان ئەو پلانەیە کە ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستان لەسەری ڕێککەوتووە.

ئاشکرایە کە سات و سەودا و ڕێککەوتنەکانی ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستان و ئیسرائیل بۆ بەرژەوەندی خۆیانە و لەم ڕێگەوە هیچ شتێک بەنسبیی کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین لە غەززە و شوێنەکانی تر نابێت و ئازارەکانیان کەم ناکاتەوە. کۆتایی هاتنی داگیرکاری و شەڕی وێرانکەر و تاوانکاریی حکوومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین، پێویستییەکی بەپەلەیە. پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشت ئیسرائیل، لە چوارچێوەی سنووری جوگرافییەکانی ساڵی ١٩٦٧، ڕێگاچارەیەکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکانی ئێستای خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین. بەڵام ئەمە نە بە سیاسەت و ڕێککەوتنەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دێتە دی و نە لە سرووشتی حەماس و فەتح دایە. بەڵکوو بە درێژەی خۆڕاگری و خەباتی خودی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین و بە پەرەپێدانی بزووتنەوەی دیفاع لە ئازادیی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرتاسەری جیهان و بە هاوپشتی لەگەڵ ئەم نەتەوە ژێر ستەمە قابیلی تەسەوورە.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## ئیبراهیم ڕەئیسی ئەندامی هەیئەتی مەرگ مرد!

## بژی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسی بووەتە هۆی شادی ئاشکرا و نهێنی زۆربەی خەڵکی ئێران. لەو کاتەوە کە هەواڵی "نیشتنی سەخت"ی هێلیکۆپتەری ئیبراهیم ڕەئیسی و هاوڕێکانی بڵاوبووەوە، لە حاڵێکدا کە خامنەیی و خاتەمی و ڕووحانی و ... بۆ سلامەتی ئەو دەستیان کرد بە دوعا کردن، خەڵکی جەرگسووتاوی ئێران سات لە دوای سات چاوەڕوانی مەرگی بوون. کەم کەس هەبوون کە مەرگیان بەمجۆرە بێتە هۆی شادی. تەنانەت ئەو چاوانەی کە بە فەرمانی ئەو کوێر کران لەو ڕۆژەدا فرمێسکی شادیان ڕژاند. ئەم شەپۆلە لە شادی بەخاتری مەرگی جەلاد بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە پەیوەندی حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ کرێکارن و خەڵکی ڕەنجدیتووی ئێران ئاشتیهەڵنەگرە.

ناو و کەسایەتی ئیبراهیم ڕەئیسی بەر لە هەموو شتێک وەک ئەندامی هەیئەتی مەرگ و بەڕێوەبەری کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ۶۷ی هەتاوی، بۆ خەڵکی ئێران وەبیرهێنەرەوەی ئەو تاوانانەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەم گۆشەیەی جیهان لەدژی مرۆڤایەتی ئەنجام درا. لە هاوینی ساڵی۶۷ خومەینی بە ڕاوێژ لەگەڵ خامنەیی و ڕەفسەنجانی بە ئامانجی چاوترسێن کردنی خەڵکی وەگیانهاتوو لە شەڕ و نەهامەتی ئابووری دەستیان دایە تاوانێکی دژەئینسانی کە ئاسەوار و بەڵگەکانی سەلمێنەری ئەوپەڕی خوێنڕێژی و درندەیی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامییە. لەو سەردەمەدا بە فەرمانی خومەینی هەیئەتێکی تایبەت کە دواتر بە هەیئەتی مەرگ ناوبانگی دەرکرد و ئیبراهیم ڕەئیسی یەکێک لە ئەندامانی بوو، پێکهات. ئەم هەیئەتە بەرپرسی جێبەجێکردنی پرۆژەی کوشتاری زیندانیانی سیاسی بوو. لەو ڕۆژانەدا ئیبراهیم ڕەئیسی و ئەندامانی دیکەی هەیئەتی مەرگ هەزاران زیندانییان بە ئاراستەی جۆراوجۆری سیاسی بە جووخەی مەرگ سپارد و لە گۆڕە بەکۆمەڵ و بێ ناو و نیشانەکاندا ناشتیانن. ئیبراهیم ڕەئیسی بەر لە ئەنجامدانی ئەم جەنایەتە دژەئینسانییە لە پۆستی دادیاری و دادستانی لە شاری مەشهەد و دواتر لە مەسجد سولەیمان، کەرەج، تاران وهەمەدان نەخشێکی چالاکی لە سەرکوتی نەیارانی سیاسی بەتایبەت هێزە چەپەکاندا هەبوو و بەهۆی ئەنجامدانی ئەم جەنایەتانە دواتر بوو بە ئەندامی شۆرای باڵای ئەمنیەتی میللی، سەرۆکی دەزگای قەزایی و دواتریش بوو بە سەرۆک کۆماری حکوومەتی ئیسلامی. ئیبراهیم ڕەئیسی لە پێگەی سەرۆکی دەزگای قەزاییشدا بۆ پاساوکردنی کوشتار و دەرکردنی ئەحکامی زاڵمانە لەدژی خەباتکارانی ئاخێزی سەرتاسەری مانگی خەزەڵوەری




۸۹ و دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە هیچ جەنایەتێک کۆتایی نەکرد. ئەو لە هەموو قۆناغی ناتەواوی سەرۆک کۆماری حکوومەتی ئیسلامیشدا بە خەڵتانی خوێن کردنی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بە کوشتنی زیاتر لە ۶۰۰ کەس لە نارازییان، کوێرکردنی چاوەکان، هێرشی کیمیایی بۆسەر خوێندنگاکانی کچان، بە وەڕێخستنی شەپۆلی یەک لەدوای یەکی ئێعدامی بەندکراوان، بە هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران و بە ڕاگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژبە ژنانی ئازادیخوازی ئێران، کارنامەی پڕ لە تاوانی خۆی نگریستر کرد.

ئیبراهیم ڕەئیسی وەکوو مۆرەیەکی ڕاهاتووی حکوومەتی ئیسلامی، لە وەڕێخستنی جنوونی مەزهەبی و تەقدیسی تەباهی، لە سەرکوتکردنی بایەخە ناسراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە دژایەتی کردن لەگەڵ ژنان و تەحقیر و بێڕێزی کردن بە مافی ئینسانییان، لە پەرەپێدانی جەهل و خورافە، لە زەوتکردنی سەرەتاییترین مافی سیاسی، تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خەڵک، لە وەڕێخستنی شەڕی نیابەتی لەپێناو هەڵکردنی ئاڵای ئیسلام و ... هەرگیز کۆتایی نەکرد. هەربۆیە خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێران بەتایبەت بنەماڵەی گیانبەختکردووان بێسەبرانە خوازیاری ئەوە بوون کە ئیبراهیم ڕەئیسی لە دادگایەکی عەلەنی و لەبەردەم جەماوەری خەڵکدا بە ئەنجامدانی تاوان لەدژی مرۆڤایەتی مەحکووم بکرێت و سزای تاوانەکانی وەربگرێت.

بەڵام ڕەئیسی لە ئاسمانەوە نەهاتە خوارەوە. ئەو یەکێک لە مۆرەکانی دژەشۆڕشی ئیسلامی بە ڕێبەری خومەینی بوو کە لە جەریانی ڕاپەڕینی ساڵی ۵۷ چینی سەرمایەداری ئێران و ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکەی سەرمایەداری ئیمپریالیستی بۆ دەربازکردنی نیزامی سەرمایەداریی ئێران خستیانە بەرەوە. لە جەریانی شۆڕشی ۵۷ کاتێک کرێکارانی سەنعەتی نەوت لە هەناردەکردنی نەوت ڕێگرییان کرد و بە داخوازی سیاسی و چینایەتی هاتنە مەیدان، کاتێک کە مەعلووم بوو دژەشۆڕشی ڕژیمی پاشایەتی ناتوانێ بە ڕشتنی خوێن لە شەقامی ژاڵەکان ڕاپەڕینی خەڵک سەرکوت بکات، ئەو کات بورژوازی ئێران بۆ پاراستنی نیزامی سەرمایەداری لە زەبری شۆڕش، ئاڵای سەربەخۆیی خوازی خۆی دایە دەستی خومەینی و دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانیش لە کۆنفرانسی گوادلوپ کۆبوونەوە تا بە ڕادەستکردنی ئەرتەش و دەزگای سەرکوتی حازر و ئامادە بە ڕەوتی ئیسلامی، درێژەی ئەرکی سەرکوتکردن و خەڵتانی خوێن کردنی شۆڕشی پێ بسپێرن. ڕەئیسی بەرهەمی ئەم ڕەوتانە بوو و بە کارنامەی پڕ لە تاوانی بەشێک لە دەزگای حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانی نوێنەرایەتی دەکرد.

خامنەیی و کادری ڕێبەری سپای پاسداران بە ڕاگەیاندنی پێنج ڕۆژ ماتەمینی گشتی و بە هەڕەشەکردن و ترساندن دەیانهەوێ مرگی ڕەئیسی و هاوڕێکانیشی بکەنە دەرفەتێک بۆ یەکگرتوویی ڕیزە ئاڵۆزەکانی حکوومەت و بۆ چاوترسێن کردنی جەماوەر. سەرکردە دووڕووەکانی حکوومەتە سەرمایەدارەکان کارنامەی دژەئینسانی ڕەئیسی جەلادیان ئەرشیف کردووە و یەک لە دوای یەک پەیامی هاوسۆزی بۆ حکوومەتی ئیسلامی دەنێرن. بە مەرگی ڕەئیسی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی کە ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە و ڕووخاندنی نەرم و هێمنانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە بنەماکانی ستراتێژییانە، بەداخەوەن کە

بۆچی لەجیات ئیبڕاهیم ڕەئیسی، خامنەیی نەمردووە. تا "مەرگی ئەو لەسەر ڕەوتە سیاسییەکان کاریگەری دابنێت" و ستراتێژی ئەوان بۆ ڕووخاندنی هێمنامەی حکوومەتی ئیسلامی بباتە قۆناغێکی تازەوە. بەڵام کرێکارانی کۆمۆنیست بە هەر جۆرە ئاراستەیەکەوە، لەدژی سەبر و چاوەڕوانی و هیوادار بوون بە مەرگی خامنەیی و لەدژی ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە خەبات دەکەن. ئەوان ڕێگە نادەن جەماوەری کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بەدوای لاڕێی ئۆپۆزیسیۆنی ڕەنگاوڕەنگی بورژوازیی ئێراندا بڕۆن.

کرێکارانی هوشیار و کۆمۆنیست دەزانن کە شیشەی تەمەنی حکوومەتی ئیسلامی لەدەستی چینی کرێکاردایە. هەروەک چۆن کرێکارانی نەوت لە جەریانی شۆڕشی ٥٧ بە گرتنەوەی شێری نەوت بوونە هۆی ڕووخانی ڕژیمی ئیستبدادی سەڵتەنەتی، لە بارودۆخی ئێستاشدا تەنها بە مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە سەنعەتی و سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، بۆ نموونە لە ناوەندی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی، سەنعەتی فوولاد، ماشێنسازی، زەوبی ئاسن، سەنعەتی بەرق، مەعدەن و ڕێگەی ئاسن و ... بە فەرمانی وەدیهێنانی خواستی دەستبەجێی کرێکاران و خانەنشینان، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، کۆتاییهێنان بە سزای ئێعدام و ڕاگرتنی دەستبەجێی هێرش بۆسەر ژنان، دەکرێ فشار بخرێتە سەر حکوومەتی ئیسلامی و ماشێنی سەرکوتی ڕابگیرێت. کرێکارانی کۆمۆنیست دەزانن کە ڕێگایەکی لابڕ بوونی نییە. مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێ هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا هاوئاهەنگ وەحەرەکەت بخات. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران تێک بدات، بۆشایی و ناکۆکی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و توانای سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٣١ی گوڵانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٢٠ی مەی ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

# درێژەی قەیراننانەوەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی و ئاکامەکانی

دەستتێوەردانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندەکانی قەیرانی ناوچەکە و هەوڵ بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و هاوکاری نەکردن و وڵامنەدانەوە بە پرسیارەکان و بایەخنەدان بە هۆشدارەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، لەم دواییەدا بووەتە هۆی داسەپاندنی گەمارۆی زیاتر لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە. تا ئەو جێیەی بە دەخاڵەتی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین و هەروەها شەڕ و جینوسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین پەیوەندی هەیە، ڕۆژی هەینی ١١ی مانگی




جۆزەردان، "شۆرای ئورووپا" کە باڵاترین ناوەندی یەکیەتیی ئورووپا لەبواری دارشتنی سیاسەتە، ڕایگەیاند: "بەهۆی پێدانی درۆن و مووشەک بە گرووپە چەکدارەکان و ئەو ناوەندانەی کە ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سوور لاواز دەکەن و هەروەها بەهۆی ناردنی درۆن و یارمەتی بۆ ڕووسیە لە شەڕ لەگەڵ ئۆکراین، سزای بەسەر ٩ کەسایەتی و دامەزراوەی دیکەی کۆماری ئیسلامیدا سەپاندووە".

ئەم ناوەند و کەسایەتییانە بریتین لە: هێزی دەریایی سپای پاسداران، قەرارگای "خاتەمولئەنبیا"ی سپای پاسداران کە ناوەندی سەرەکییە لە یڕیاردانی عەمەلیاتی نیزامی و جێگیرکردنی درۆن، فەرماندەی ئەم قەرارگایە، شیرکەتی فڕۆکەسازیی ئێران، شیرکەتی "کاوان ئێلێکترۆنیکی بێهراد" بۆ دروستکردن و فرۆشتنی پێداویستیی درۆن، بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەم شیرکەتە، وەزیری بەرگریی کۆماری ئیسلامی، فەرماندەی سپای قودس و سەرۆکی ڕێکخراوی سەنایعی هەوایی وەزارەتی بەرگریی کۆماری ئیسلامی. لەسەر بنەمای ئەم سزایە، ژمارەی حساب و سەروەت و سامانی ئەو کەس و دامەزراوە سزادراوانە لە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا بلۆک دەکرێن و ئەم کەسانەش ناتوانن بۆ وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا هاتوچۆ بکەن. جێبەجێ کردنی ئەم گەمارۆیانە سەران و فەرماندەکانی سپای پاسداران دەخاتە ژێر فشارەوە کە سەرمایەیەکی زۆریان لەڕێگەی دزی، گەندەڵی و ڕانتخۆرییەوە بەدەستهێناوە و لە حیسابە شەخسییەکانیاندا لە بانک و دامەزراوەی دەوڵەتانی یەکیەتی ئۆرووپادا ڕایانگرتووە و یان سەرمایەگوزارییان کردووە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکاش ڕۆژی هەینی ١١ی مانگی جۆزەردان، تەنیا لە پێوەند لەگەڵ بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و بەکارهێنانی لە لایەن ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین، سزای دیکەی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەپاند.

بەڵام جگە لە پرسی دەستتێوەردانی ڕژیمی ئیسلامی لە ناوەندەکانی قەیرانی ناوچەکە، پەرەسەندنی چالاکیی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی هۆکارێکی دیکەیە بۆ سەپاندنی گەمارۆ نوێیەکانی یەکیەتیی ئورووپا بەسەر کۆماری ئیسلامیدا. "شۆرای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی" ساڵ و نیوێک لەمەوبەر لەڕێگەی بڕیارنامەیەکەوە داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە: "دەستبەجێ لەگەڵ کارناسانی ئاژانس هاوکاری بکات و زانیاریی پێویست سەبارەت بە زەڕاتی ئۆرانیۆمی دۆزراوە لە سێ سایتی نهێنی و ڕانەگەیەندراو پێشکەش بکات." بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی ڕافائیل گرۆسی، بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، کۆماری ئیسلامی هێشتا وەڵامی ئەرێنی بەو بڕیارنامەیە نەداوەتەوە. هەربۆیە هەفتەی ڕابردوو سێ زلهێزی سەرەکی یەکیەتیی ئورووپا (فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا) لەسەر داسەپاندنی گەمارۆی زیاتر بەسەر کۆماری ئیسلامی ڕێککەوتن کە بڕیارنامەیەک بەمەبەستی مەحکوومکردنی ڕژیمی ئیسلامی بۆ کۆبوونەوەی وەرزیی "شۆرای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی" لە ڤیەن ئامادە بکەن. ئەم کۆبوونەوەیە قەرارە ڕۆژی ١٤ تا ١٨ی مانگی جۆزەردان (سێ تا حەوتی مانگی ژوئەن" بەڕێوەبچێت. دەرکردنی وەها بڕیارنامەیەک بەپێی بڕگەکانی بەرجام کە دەوڵەتانی (١+٥) و کۆماری ئیسلامی لەسەری ڕێککەوتوون، دەتوانێ "مێکانیزمی ماشە" چالاک بکات و هەموو ئەو گەمارۆیانەی کە لابردراون بۆ جارێکی دیکە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنێتەوە. ئاشکرایە کە گەڕانەوەی ئەو گەمارۆیانە لە بارودۆخی ئێستادا ژیان و بژێوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا زیاتر بەرەوڕووی هەژاری و نەهامەتی دەکات.

هەواڵنێری ڕوویتێرز ڕۆژی چوارشەممە ٩ی مانگی جۆزەردان ئاشکرای کرد کە دەوڵەتانی فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا (ئەندامی بەرجام)، لەسەر داوای ڕافائێل گرۆسی و سەرەڕای دژایەتیی ئەمریکا پێشنووسی بڕیارنامەیەکیان بۆ پەسەندکردن لە کۆبوونەوەی شۆرای حوکامی ئاژانس بەمەبەستی داسەپاندنی گەمارۆی زیاتر بەسەر کۆماری ئیسلامی ئامادە کردووە. دەوڵەتی بایدێن کە دەمێکە چووەتە ناو پرۆسەی سازان و موعامەلە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەیهەوێ لە دەرکردنی ئەم بڕیارنامەیە ڕێگری بکات. لەم ماوەیەدا دەوڵەتی بایدێن لە بەرامبەر کردەوەی نیزامی و تیرۆریستی و قاچاغی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی ئورووپا بێدەنگیی گرتووەتە بەر. هەڵسووکەوتی موعامەلەگەرانەی دەوڵەتی بایدێن لە ڕوانگەی دەوڵەتانی ئورووپاوە نەتەنیا هیچ دەستکەوتێکی نەبووە بەڵکوو ئیمکان و دەرفەتی بۆ کۆماری ئیسلامی خوڵقاندووە تا قەیرانی زیاتر دروست بکات. لە بارودۆخێکدا کە ڕاپۆرتەکان باس لە چوونەسەری ڕێژەی ئۆرانیۆمی پیتێندراو لەلایەن حکومەتی ئیسلامی دەکەن، ڕژیم بە بیانووی مەرگی ڕەئیسیی قاتڵ لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، خۆی دەبوێرێت. بە بڕوای کارناسانی "ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی" هەتا ئێستا هیچ دەوڵەتێک، بە بێ پلانی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ئەم ڕێژەیە لە ئۆرانیۆمی ٦٠ لەسەدی نەبووە و ئامانجی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ غەیری نیزامی و ئاشتیخوازانە بێت.

دوودڵی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە دانوستانەکانی بەرجام لە بارودۆخی ئێستادا بەلەبەرچاوگرتنی ململانێ و بلۆکبەندیی زلهێزە ئیمپریالیستەکان دەتوانێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چین و بەتایبەتی ڕووسیەدا بگونجێت کە کۆماری ئیسلامی خۆی لە بەرەی ئەواندا دەزانێت. بەڵام بێگومان، چڕبوونەوەی گەمارۆی تاوانکارانەی ئەمریکا و زلهێزە ئورووپاییەکان، قەیرانە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو پەرە پێدەدات. ئەگەرچی هەتا ئێستا ئەم گەمارۆیانە بۆ مافیا ئابوورییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە قازانج بووە، بەڵام بۆ کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگا زۆر زیانبار بووە و گوشاری زیاتری خستووەتە سەر ژیانی ئەوان. بەڵام ئەوەی لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی گرینگە، مسۆگەرکردنی بەردەوامیی دەسەڵاتەکەیانە. هەڵبەت نە ئەمریکا و نە زلهێزەکانی دیکەی سەرمایەداری کێشەیان لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نییە و گوشارە کۆنترۆڵکراوەکانیان بە ئامانجی ڕووخاندنی نییە، بەڵکوو لە خزمەتی ڕامکردنی ئەم ڕژیمەدایە. بەڵام کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران حکومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە هۆکاری سەرەکی هەژاری و نەهامەتی ئابووری و زەوتکردنی ئەمنیەت و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەزانن و چاوەڕوانی ڕووخانی ئەم دەسەڵاتەن.

***

# بۆ یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد؛
# لاپەڕەیەکی دیکە لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

ڕۆژی شەممە دوازدەی مانگی جۆزەردان چل و یەکەمین ساڵڕۆژی ئێعدامی جەنایەتکارانەی ٥٩ کەس لە تێکۆشەران و تازەلاوانی شاری "مەهاباد"ە. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، واتە ٤١ ساڵ لەمەوبەر، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی مەهاباد، ٥٩ کەس لە تازەلاوان و لاوانی ئەمشارەی بەکۆمەڵ ئێعدام کرد. زۆربەی ئێعدامکراوان پێشتر لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵاندا بەڕێکەوت لەسەر شەقامەکانی شار ڕفێندرابوون و بە بارمتە گیرابوون.



ژمارەیەکیان تازەلاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ بوون و چەند کەسێکیشیان لە دەبیرستانەکانی مەهاباد دەیانخوێند.

ڕۆژی ١٢ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢، خەڵکی مهاباد بەرەورووی ڕاگەیاندراوێک لە لایەن فەرمانداری بوونەوە کە لە ئاستی شاردا بڵاو کرابۆوە. لەم ڕاگەیاندراوەدا ناوی ٥٩ کەس لە ئێعدام کراوەکانی تێدا هاتبوو. " حەمید ڕەزا جەلایی پوور"، فەرمانداری جەنایەتکاری ئەوکاتی مهاباد دەستووری بڵاو کردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنەی لە ئاستی شاردا دابوو.

ڕۆژی یەکی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ "محەممەد برووجێردی" فەرماندەی باڵا و بیرمەندی سپای پاسداران لە بەرەی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە لەگەڵ پێنج کەسی تر لە فەرماندە بەکرێگیراوەکانی سپا لە سێ ڕێیانی مەهاباد – نەغەدە، بەهۆی کەوتنە سەر مین، ئۆتۆمبێلەکەیان تەقیەوە و کوژران. کوژرانی برووجێردی بۆ ڕژیم یەکجار گرینگ بوو. برووجێردی لەگەڵ موحسین ڕەزایی، بەرپرسی پاراستنی خومەینی بوو لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧. ئەو فەرماندەی سەرەکی عەمەلیاتی سپا لە ڕۆژئاوای ئێران بوو و گشت عەمەلیاتەکانی سپای هیدایەت دەکرد. کوژرانی ناوبراو کاردانەوەی توندی هەموو کاربەدەستانی ڕژیمی لێکەوتەوە. هاشمی ڕەفسەنجانی کە ساڵی ٥٩ی هەتاوی لە کاتی مەلەکردن لە حەوزی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامدا تووشی وەستانی دڵ بوو و لە گۆڕەپانی سیاسەت چووە دەرێ، وە میرحسێن مووسەوی کە دەمێکە جلی سەوزی ڕیفۆرمخوازی کردووەتە بەر و ئێستا لەناو ماڵدا زیندانی کراوە، ئەوکات بە توندی هێرشیان کردە سەر گرووپە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان هۆشداریان بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دا و داوایان کرد کە لەدژی ئەوان پێداگریی زیاتر بکرێت. "مۆحسێن ڕەفیق دووست" وەزیری سپای پاسدارانیش باسی لە تۆڵەسەندنەوە دەکرد. ڕژیم کە لە بەرەکانی نەبەرد لەگەڵ پێشمەرگە گورزی گرانی بەرکەوتبوو و وەک ماری بریندار لەخۆی دەهاڵا، بڕیاریدا کە بە ڕشتنی خوێنی لاوان و تازە لاوانێک کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک ڕفاندبوونی و زیندانی کردبوون، تۆڵە لە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە خەڵکی خۆڕاگری مهاباد بکاتەوە.

"حەمید رەزا جەلایی پوور" فەرمانداری مەهاباد، "محەممەد ئیبراهیم سەنجەقی"، فەرماندەی قەرارگای حەمزە، "ناتق نووری"، وەزیری ناوخۆ، "حسێن شێخ عەتار" ئۆستانداری ئەوکاتی ئازەربایجانی غەربی و لە تۆمەتبارانی قەتڵی شاپوور بەختیار، "غولامرەزا حەسەنی" ئیمام جومعەی شارستانی ورمێ، بەڕێوەبەر و بڕیاردەری کوشتاری قارنێ و قەڵاتان، "سەید حسێن مووسەوی تەبریزی" دادستانی گشتی، "سەیاد شیرازی" فەرماندەی هێزی زەمینیی ئەرتەش لە زومرەی ئەو کەسانە بوون کە ناویان لە لیستی بەڕێوەبەرانی ڕاستەوخۆی ئەم جەنایەتەدا هاتووە.

ئەم ٥٩ کەسە دەستبەسەرکراوە، ڕوانەی شاری تەورێز کران و لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا، بە بێ ئەوەیکە هیچ تۆمەتێك دژبە هیچ کامیان بسەلمێندرێ، بە ئێعدام مەحکووم کران و بە جوخەکانی مەرگ سپێردران. بنەماڵەی ئەم قوربانییانە هەرگیز لە شوێنی ناشتنی ئازیزانیان ئاگادار نەکرانەوە.

لەدوای ئەم کردەوە تاوانکارانەیەی ڕژیمی ئیسلامی، شاری قارەمانی مەهاباد بوو بە قەڵایەکی قایمی خەبات بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران. لە سەرەتای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا لاوانی شۆڕشگێڕی مەهاباد ئەم شارەیان کرد بە سەنگەرێکی پڕگڕوتینی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی جەهل و سەرمایە. لەم ڕۆژەدا ڕێز لە یاد و بیرەوەری ئەم ئازیزانە دەگرین و ستایشی خۆڕاگری و سەبووری بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکەین.

ناوی گیانبەختکردووان بریتین لە:

غولّام ڕەزا بارزی، حەسەن جهانیان، عەلی بانەیی، محەممەد عەلیاڵی، محەممەد ئەمین سەفا، هومایون نیلوفەر، مەحموود ڕیازی، محەممەد حسێنی، عەباس حسێن پوور، کازم خاتونی، عەلی مەزنە، عەبدوڵڵا تەجەریان، ڕەحمان ڕەحیمی، عەلی گەڵپەرست، مستەفا عیسمەتی، خالەق بارزانی، یوسف ئەیازی، کەماڵ چاوشی، حەسەن ڕەحمانییان، خالد سەفایی، خالد ڕەحیم ئازەر، سەید ئیبراهیم ئەحمەدی، محەممەد مەسعودی، محەممەد ئەبوبەکری، وەفا ئەلیاسی، مەنسور جەناح، مەحەممەد ئەمین ئەحمەدی، محەممەد سەلیمی، فەرەیدون شەنگە، عەلی بازیان، خدر ڕەنگین، ئەبوبەکر شوکری، ماشەڵڵا نادری، هەژار کەریمی، کەمال کەریمی، کەریم ڕەحیمییان، یوسف حەبیب پەنا، محەممەد فاروق بازیار، ئیبڕاهیم ئەمینی، ساڵح مام ئیبڕاهیمی، شوکری نادری، مستەفا فەقری، عەلی غەوارە، عەلی سەلاحی، مەلا حەسەن لاجوەردی، سلێمان حەسەن زادە، یوسف حەسەن زادە، کەریم کاوە، سەید مەحموود سەید مەحموودی، حامد مەحموود کەندی، حسێن کەلهوڕی، عەباس یوسفی، سیامەک سەقزی، عەلی ئابادە، کامران زاهیر حجازی، ساڵح فەرهودی، مەقسود مەحموودی، ئەحمەد کەروبی، ڕەحمان خزر پوور

بەرز و بەڕێز بێت یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد

***

# نامەی کراوەی کرێکارانی زیندانی، ڕەزا شەهابی و داود ڕەزەوی بۆ نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی جیهان لە ١١٢هەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانیی کار

سڵاو لە هاوکاران و دۆستانی ئازیز و بەهیوای سەرکەوتنی کرێکاران لە هەموو وڵاتانی جیهان.

پێمان وا نەبوو پێویست بێت جارێکی تر لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و پێشێلکردنی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە ئازادی ڕێکخستن، ڕێککەوتنی دەستەجەمعی، مافی کار و ژیان، و سەلامەتی کار لە ئێراندا بنووسین. پێمان وا نەبوو بۆ جارێکی تر پێویست بە وەبیرهێنانەوە بێت کە ئێمە و زۆرێک لە کرێکارانی تر، لەسەر کار دەرکراوین، ئەزیەت و ئازار دراوین و زیندانی کراوین، چونکە باوەڕمان بە چالاکی کرێکاری و ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بووە. لە هەمان حاڵدا بەداخەوەین بۆ ئەوەیکە بە ناچار دەبێ دیسان سەبارەت بە ئەزیەت و ئازار، پەروەندەسازی و زیندانی درێژماوە و زاڵمانە کە بەسەر ئێمەیاندا سەپاندووە بنووسین و چاوەڕوانییە ڕەواکانمان باس



بکەین.

تێبینی جیددی ئێمە هەمیشە ئەوە بووە کە سەرەڕای ڕاپۆرتی جۆراوجۆر و بەڵگەمەند لەماوەی هەموو ئەم ساڵانە لەلایەن ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکانی ئێران، لەوانە سەندیکای ئێمە، سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسڕانی تاران و دەوروبەر، ڕێکخراوی سەرتاسەری موعەلیمان، شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران، ڕاپۆرتی سەندیکا و فێدراسیۆنە کرێکارییەکان لەئاستی نێونەتەوەیی بە ڕێکخراوی جیهانی کار سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی سەرەتایی کرێکاران و سەرکوتی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و چوونەسەری ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ژمارەی منداڵانی کار لە ئێران، بۆچی ڕێکخراوی جیهانی کار هەتا ئێستا هیچ کردەوەیەکی بەرچاو و کاریگەری تەنانەت لە چوارچێوەی کۆنوانسیۆنە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە هەموو ئەندامان ئەرکدار بە پابەندبوونی دەکات، ئەنجام نەداوە؟ بۆچی ئەم ڕێکخراوە بەردەوام نوێنەری ساختەی حکوومەت لەژێرناوی نوێنەرانی کرێکارانی ئێران بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەی بانگهێشت دەکات و هێندێک جار تەنانەت ئەوان بۆ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری و کۆمیتەکانی کرێکاری هەڵدەبژێرێت؟!

لەبیرمانە کە بەدوای دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی کرێکاری ساڵی ١٠٤١ی هەتاوی و دواتری، بە هیمەتی شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران، کە لەلایەن سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسڕانی تاران و دەوروبەریشەوە پشتیوانی لێکرا، نامەیەک بە ئیمزای ٥ هەزار و ٥٠٠ کەس بۆ ١١٠هەمین کۆبوونەوەی جیهانی کار نێردرا. لەو نامەیەدا لە هەیئەتە کرێکارییەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیە داوا کرابوو کە کردەوەی دەوڵەتی ئێران لەئاست پێشێلکردنی بەردەوامی مافی کرێکاران و موعەلیمان و بەتایبەت پێشێلکردنی مافی ڕێکخستنی سەربەخۆ و هەروەها پێشێلکردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە مەحکووم بکەن. بەڵام لەبیرمان نایە ئەم داواکارییە کە لەو هەلومەرجە سەختەدا ئیمزای بۆ کۆکرایەوە، لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی کارەوە وڵامی پێدرابێتەوە.

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کرێکارانی گواستنەوە FTI کە سەندیکای ئێمەش ئەندامیەتی، لە ساڵی ٢٠٠٥دا سەبارەت بە سەرکوت و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسڕانی تاران و هێرشی ڕێکخراو بۆسەر سەندیکای ئێمە لەدژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی جیهانی کار سکاڵای تۆمار کرد. بەڵام ئەم ڕێکخراوە، سەرەڕای کراوەبوونی ئەم دۆسیەیە و زیاتربوونی ساڵ لەدوای ساڵی لاپەڕەکانی بەهۆی سکاڵای تازە، خۆی بە وەڵام و ئیدیعای درۆینەی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانەوە مەشغووڵ کردووە و لەئاکامدا نزیک بە دوو دەیەیە هیچ هەنگاوێکی کرداری و کاریگەری هەڵنەگرتووە.

ئێمە ئەندامانی سەندیکا، بەهۆی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری و چالاکی سەندیکایی لە چوارچێوەی کۆنوانسیۆن و ستانداردە نێونەتەوەییەکانی کار لە ساڵی ١٣٨٤دا کەوتینە بەر غەزەبی خاوەنکار، حکوومەتی ئێران، وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای قەزایی و گەلێک جار دەستبەسەر و زیندانی کراوین و لەسەر کار دەرکراوین. لەو ماوەیەدا سەدان ئەندامی سەندیکا دەستبەسەرکران و کەوتنە بەر توندوتیژی و لێیاندرا و دەیان کەس لەسەر کار دەرکران و هێزە ئەمنیەکان ڕژانە سەر ماڵەکانیان. ئێمە سێ ئەندامی بەندکراوی سەندیکا لە زیندانی ئێڤین، بەردەوام بووینەتە ئامانجی ئەم سیاسەتە

دژەکرێکارییەی ڕژیم، بە زیندانی درێژماوە مەحکووم کراوین و سەرەڕای نەخۆشی سەختی جەستەیی، بەرپرسانی زیندان و عەواملی وەزارەتی ئیتلاعات، تەنانەت لە پێدانی مۆڵەتی پزیشکی ڕێگری دەکەن.

ڕەزا شەهابی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید، ڕێکەوتی ٢٢ی مانگی گوڵانی ١٤٠١ی هەتاوی بەهۆی درێژەدان بە چالاکی سەندیکایی و هەروەها دیدار لەگەڵ دوو ئەندامی سەندیکای هێزی کرێکاریی فەڕانسە(ئێف ئۆ)، سیسیل کۆهلەر و هاوسەرەکەی ژاک پاری، لەلایەن مەئموورانی ئەمنیەتییەوە لە ماڵی خۆی هێرشی کرایە سەر و دەستگیر کرا. ناوبراو زیاتر لە چوار مانگ لە دەستبەسەرگەی ٢٠٩ و ٢٤١ی ئێڤین لە ژووری تاکەکەسی و لەژێر لێپرسینەوەدا ڕاگیرا. لە دادگای سەرەتاییدا بە ٦ ساڵ زیندان، ٢ ساڵ دوورخستنەوە، ٢ ساڵ ڕێگری لە چوونەدەر لە وڵات و ٢ ساڵ بێبەریبوون لە چالاکی سەندیکایی مەحکووم کرا، کە وەک خۆی لە دادگای پێداچوونەوەدا پشتڕاست کرایەوە و لە ئێستادا لە حاڵی تێپەڕاندنی ئەم حوکمەدایە.

داود ڕەزەوی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید، ٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ بەهۆی درێژەی چالاکی سەندیکایی و هەروەها دیدار لەگەڵ چالاکانی سەندیکایی، سیسیل کۆهلەر و ژاک پاری دەستبەسەر کرا و بۆ ماوەی چوار مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا ڕاگیرا و لێپرسینەوەی لێکرا. دادگای سەرەتایی، ڕەزەویی بە ٥ ساڵ زیندان و دوو ساڵ بێبەریبوون لە چالاکی سەندیکایی مەحکووم کرد کە وەک خۆی لە دادگای پێداچوونەوەدا پشتڕاست کرایەوە و لە ئێستادا دەورانی مەحکوومییەتەکەی لە زینداندا تێدەپەڕێنێت.

حەسەن سەعیدی، ئەندامی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید، بەهۆی درێژەی چالاکی سەندیکایی و هەروەها دیدار لەگەڵ چالاکانی سەندیکایی سیسیل کۆهلەر و ژاک پاری، بەدوای هێرشی شەوانەی مەئموورانی ئەمنیەتی لە ٢٨ی مانگی گوڵانی ١٤٠١دا دەستبەسەرکرا. ئەو بۆ ماوەی چوار مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا ڕاگیرا و لەژێر لێپرسینەوەدا بوو. سەعیدی لە دادگای سەرەتاییدا بە ٦ ساڵ زیندان و ٢ ساڵ دوورخستنەوە، ٢ ساڵ بێبەریبوون لە چالاکی سەندیکایی و ٢ ساڵ قەدەغەی چوونەدەر لە وڵات مەحکووم کرا کە لە دادگای پێداچوونەوەدا وەک خۆی پشتڕاست کرایەوە. بەڵام لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بەهۆی قەبووڵنەکرانی ئەم بڕیارە لەلایەن دیوانی باڵای وڵات حوکمی زیندانەکەی بۆ سێ ساڵ و شەش مانگ و یەک ڕۆژ بە تۆمەتی کۆبوونەوە و تەبانی و حەوت مانگ بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژبە نیزام کەم بووەتەوە.

هەر لەو ماوەیەدا سەدان چالاکی بزووتنەوی کرێکاران، موعەلیمان، خوێندکاران و ژنان تەنها بەهۆی چالاکی سینفی و مەدەنی و بەخاتری دیفاع لە مافەکانی خۆیان و هاوکارانیان دەرکراون، دەستبەسەر و زیندانی کراون. ئەو ژمارە کەمە لە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران و موعەلیمان بۆ نموونە سەندیکای ئێمە و تەشەکولاتی موعەلیمان کە سەرەڕای فشاری ناوەندەکانی سەرکوت پێکهاتوون، بەردەوام لەژێر فشار و لەژێر زەرەبینی هێزە ئەمنیەتییەکانی حکوومەت دان و ئیمکانی چالاکی عەلەنی و ئازادانەیان لێ زەوت کراوە. هەر ئێستا دەیان کرێکار، موعەلیم، خوێندکار و داکۆکیکاری مافی منداڵان و ژنان لە زیندانەکانی ئێراندا بەسەر دەبەن کە ناوی هێندێکیان بریتییە لە: ڕیحانە ئەنساری نەژاد، ئانیشا ئەسەدوڵلاهی، سەروناز ئەحمەدی، شەریفە محەممەدی، نەسرین جەوادی، ناهید خوداجوو، زەینەب هەمڕەنگ، عوسمان ئیسماعیلی، ڕەسووڵ بوداقی، مێهران ڕەئووف، کەیوان موهتەدی، کامیار فەکوور، سیسیل کۆهلەر، ژاک پاری، و زۆر کەسی تر.

بەڵام هەروەک دەبینین دەست و پەیوەندەکانی حکوومەت لەژێرناوی "ناوەندی باڵای شۆرا ئیسلامییەکانی کار" و باقی ناوەندە دەستسازەکانی تر، کە هەموویان ڕێکخراوەکانی سەربە دەوڵەت و خاوەنکارانن، ئازادانە بە بەهرەمەندبوون لە هەموو ئیمکاناتێکی ماڵی و تەداروکاتی و بە پشتیوانیی هێزەکانی ئەمنیەت و حەراسەت و وەزارەتی کار و خاوەنکاران لە حاڵی کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوەی کرێکاریدان و دەیانهەوێ دەنگی داخوازی بنەڕەتی کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران کپ بکەن. ئەم دەست و پەیوەندە حکوومەتییانە لە حاڵێکدا کە زۆرێک لە کرێکاران و موعەلیمانی هاوشێوەی ئێمە لە زینداندا ڕاگیراون و یان لەژێر چاوەدێری دان، لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کاردا وەک نوێنەری کرێکارانی ئێران بەشداری دەکەن کە دەبێ بڵێین: بەڕاستی جێگای داخە. هەر بۆیە تەئکید دەکەین کە ئێمە کرێکارانی ئێران، هەیئەتە کرێکارییەکانی حکوومەت لە ناوەوەی ئێران و یان هەر کەس و ڕێکخراوێک کە ئیدیعای نوێنەرایەتی هێزی کاری ئێران لە دەرەوەی وڵات دەکات، هیچیان بە نوێنەری خۆمان نازانین و هیچیان بەڕەسمی ناناسین.

ئێمە ئاگادارین کە هەموو ساڵێ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کار، ڕێکخراوە کرێکارییە نێونەتەوەییەکان و پشتیوانانی چینی کرێکار لە دەرەوەی وڵات کۆبوونەوەی نارەزایەتی بۆ هاوپشتی لە کرێکارانی زیندانی و خەباتی کرێکاری لە ئێران بەڕێوە دەبەن. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە سەمیمانە ستایشی تێکۆشانی ئەوان و هەموو پشتیوانانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران دەکەین. هیوادارین ئەمساڵیش بە سەرەنجدان بە پشتیوانی سەندیکا کرێکارییەکانی فەڕانسە، سوئیس، دانمارک، سوێد، ئینگلیس و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی دیکەی جیهان، شایەدی پشتیوانی بەرینتری هاوچینەکانمان بین. هەروەها هیوادارین کە کەیسی سکاڵاکانی پێوەندیدار بە سەرکوتکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاری و چالاکانی ئێران بە جیددیتر و خێراتر بەدواداچوونی بۆ بکرێت و دەرئەنجامی خوازراو بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران بەدی بهێنرێت.

لە کۆتاییدا لە ناو زیندانی ئێڤینەوە هاوپشتی خۆمان لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران و جیهان ڕادەگەیەنین. بەتایبەت دەڵێین کە ئێمەش هاودەنگ لەگەڵ چینی کرێکاری جیهان، خوازیاری ئاگربەستی دەستبەجێ و کۆتایی شەڕی تاوانکارانەی دەوڵەتی ئیسرائیلین لەدژی خەڵکی فەلەستین. خوازیاری ڕاگرتنی سیاسەتی شەڕنانەوە لە ناوچەکە لەلایەن دەسەڵاتە جیهانی و ناوچەییەکانین. خوازیاری بەرقەراربوونی ئاشتی جێگیر لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی خەڵک و بایەخە جیهانییەکانی مرۆڤایەتین. هاوپشتی جیهانی و خەباتی یەکگرتووی ڕێکخراوە کرێکارییە ڕاستەقینەکان و هێزە جەماوەری و ئازادیخواز و دادپەروەرەکانی دیکە، زامنی سەرەکی بەرقەرارکردنی ئاشتی و دادپەروەرییە لە ناوچەکە و جیهاندا. بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراو و بزووتنەوانە ئەرکی لەبیرنەکراوی هەموومانە وەک بزووتنەوەی کرێکاریی نێونەتەوەیی.

لەگەڵ سپاس و ڕێز

ڕەزا شەهابی و داود ڕەزەوی

لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسرانیی تاران و دەوروبەر

زیندانی ئێڤین، تاران، ئێران

٧ی جۆزەردانی ١٤٠٣، ٢٧ی مەی ٢٠٢٤

❋❋❋

## دانپێدانانی سەرانی ڕژیم بە مەرگی ساڵانە ٢٦ هەزار کەس بەهۆی تێکدانی ژینگە

عەلی سەلاجقە جێگری ڕەئیسی قاتڵ و سەرۆکی ڕێکخراوی بەناو "پاراستنی ژینگە"ی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی شەممە پێنجی مانگی جۆزەردان، لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا دوای درۆوودەلەسەیەکی زۆر سەبارەت بە شارەزایی و زانستی ڕەئیسی لە بواری ژینگە، دانی بەوە دانا کە ٤١١ پرۆژەی گەورەی پاراستنی ژینگە هێشتا جێبەجێ نەکراون. لە هەمان



حاڵدا هەواڵنێری هرانا "ئۆرگانی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران" هەفتەی ڕابردوو لەسەر زاری ناوبراو ڕایگەیاند کە: "ڕێژەی زەرراتی موعەلەقی جەو، شەش بەرابەر زیاتر لە ستانداردی جیهانییە و بەهۆی پیسبوونی هەوا ساڵانە ٢٦ هەزار

کەس لە ئێران گیانیان لەدەست دەدەن". سەلاجقە وتبووی: "بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەکان بۆ هەوای پاک، ئەم ڕێژەیە لە زەڕات تەنانەت دوو و نیو بەرابەر زیاتر لە ستانداردی خودی ئێرانە. ئەو بڕی زیانەکانی لەم بوارەدا ساڵانە ١١ ملیارد و ٣٠٠ ملیۆن دۆلار ڕاگەیاند.

سەبارەت بە زیانە گیانییەکانی ڕووداوەکانی کەشوهەوا و ژینگە، بەرپرسی بەشی فریاکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئیسنا "ئاژانسی هەواڵی خوێندکار"ی ڕژیم دانی بەوەدا نا کە بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی فریاکەوتن، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ٥ی جۆزەردان، واتە (لە ماوەی چوار مانگدا)، ١٥٩٥ کەس بەهۆی ڕووداوە سرووشتییەکان لەوانە لافاو، تۆز و خۆڵ، داڕمانی کێو و ڕووداوەکانی دیکە زیانیان بەرکەوتووە. ئەو تەئکیدی کرد کە ئەم ئامارە بە



بەراورد لەگەڵ تەڵەفات و خەساراتی هەر ئەم ماوەیە لە ساڵی ڕابردوو، دوو و نیو بەرابەر زیادی کردووە و ئاماری کەسانێک کە بەهۆی ڕووداوە سرووشتییەکانەوە لەم ماوەیەدا بریندار بوون چوونەسەری ١٠٠ لەسەدی نیشان دەدات. بەپێی ئەو ئامارانەی لە بواری پیسبوونی ژینگەدا خراوەتەڕوو، هەفتەی ڕابردوو پێوەرەکانی کوالیتی هەوا لە ١٥ شاری سەنعەتیی ئێران ناساڵم و تەنانەت مەترسیدار ڕاگەیەندرا. ئەم پێوەرە سەلمێنەری ئەوەیە ماددەکانی پیسکەری هەوا لەوانە "مۆنۆئۆکسیدی کەربۆن و دی ئۆکسیدی کەربۆن، گۆگرد و پێکهاتە نیترۆژێنییەکان" کە زیاتر لە ناوەندە سەنعەتییەکان بەرهەم دێن بە بێ هیچ فیلتێرێک تێکەڵی هەوا دەکرێن. قەیرانی ژینگەیی و کێشەی پاشماوە و پیسکەرەکانی ژینگە لە ئێران لەئێستادا بووەتە مەترسییەکی جیددی بۆ تەندروستی و سلامەتی ئینسانەکان. کۆماری ئیسلامی بەرپرسی ڕاستەوخۆی وێرانکردنی ژینگە و ئاکام و زیانەکانیەتی.

هەڵبەت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ناوەندە ئامارییەکانی حکوومەتی ئیسلامی، لە هەموو بوارێکدا بە فەرمانی دەزگا ئەمنییەکان ئاماری درۆینە و ناڕاست لەپێناوی بەرژەوەندی ڕژیم بڵاودەکەنەوە، بەشێک لە زیان و خەسارەکانی ژینگە لەژێر ناو و پاساوی جۆراوجۆردا بەحیساب ناهێنن. بۆ نموونە کەسانێک کە بەهۆی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە و دڵەوە گیانیان زیاتر دەکەوێتە مەترسییەوە و بەهۆی پیسبوونی هەواوە دەمرن، لە ئاماری قوربانییانی ناوەندی فریاکەوتندا تۆمار ناکرێن. لەڕاستیدا بەشێکی هەرەزۆری زیانەکانی پیسبوونی هەوا و ژینگە لەئێران، سەرچاوەکەی سیاسەتی دژەژینگەیی حکوومەتی ئیسلامییە. ئەو سیاسەتانەی کە بەپێی قازانجی سەرمایەدارانی حکوومەتی و کەرتی تایبەت دادەڕێژرێن. هەروەها بەشێکی زۆری ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان لەئانقەست و بە ئامانجی قازانجپەرستانەوە ئەنجام دەدرێت. ساڵانە هەزاران هێکتار زەوی کەشاوەرزی و لەوەڕگە نابوود دەکرێن تا وەک زەویی مەسکوونی بفرۆشرێن. لەمبارەوە بەڕێوەبەری گشتی قەیرانی زەنجان دانی بەوە دانا کە: "لەماوەی ساڵی ڕابردوودا ٦٧ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە لەوەڕگەکانی ئەم پارێزگایە ڕووی داوە کە لەچاو ساڵی ڕابردوو ٦٣ لەسەد زیادی کردووە. بەشێکی زۆری پیسبوونی هەوا لە ئەنجامی نەبوونی سیستمی سەلامەتی ژینگەیە لە ناوەندە پیشەسازییەکان و کارگەکاندا. دزی، بەرتیل و ڕانتخۆری بەرینی بەرپرسان و کارگێڕانی حکوومەتی ئیسلامی بووەتە هۆی نەبوونی کۆنترۆڵ و لێپرسینەوە و ئاواڵە هێشتنەوەی دەستی خاوەنکاران و خاوەنانی سەنعەت لە تەرخان نەکردنی بوودجەی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئیمەنییەکانی شوێنی کار و ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە. بەداخەوە لەم بوارەشدا یەکەمین قوربانییان، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشن کە ساڵ بە ساڵیش ژمارەیان زیاتر دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە هەڵسووکەوتی سەرکوتگەرانەی دەوڵەت و دەزگای قەزایی و دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیم بەرامبەر ژینگەپارێزان لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا نیشانەی سیاسەتی دژەئینسانی حکوومەتی ئیسلامی بووە لە وێرانکردنی ژینگەدا. ڕژیمی ئیسلامی لە هەموو ئەم ساڵانەدا بۆ ئەم ئینسانە شەریف و فیداکارانە بەتاوانی پاراستنی ژینگە، بە بێ هیچ بەڵگەیەک و بە بیانووی بێنەما، پەروەندەی ئەمنیەتی بۆ دروست کردوون و ئەحکامی قورسی زیندانی بۆ دەرکردوون. هەروەها ژمارەیەکیشیانی بە پیلانگێڕی لەناوبردووە. بۆ نموونە، کاووس سەید ئیمامی کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ بوو کە دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەتی ئیسلامی ئەویان لە ساڵی ١٣٩٦لەناو زیندان لەژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەدا کوشت. شەریف باجوەر ژینگەپارێزێکی دیکە و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی "ئەنجومەنی سەوزی چیا"ی مەریوان بوو کە ساڵەها بە تاوانی چالاکی بۆ پاراستنی ژینگە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کرا و ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازار درا. سەرەنجام لە ساڵی ٩٧ هەتاویدا لەگەڵ ئومێد کۆهنەپووشی، ڕەحمەت حەکیمی و محەممەد پەژووهی لە جەریانی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان بەشێوەیەکی گوماناوی کوژران.

پیسبوونی ژینگە لە ئێران نەک هەر گیانی ئینسانەکان بەڵکوو گیانی ئاژەڵەکانیشی خستووەتە مەترسییەوە. تووشبوون بە زۆرێک لە نەخۆشییەکانی سیە و دڵ و کۆئەندامی هەرس، ئاکامی هەڵمژینی هەوای ناساڵم بەتایبەت لە ناوچە هەژار و قەرەباڵغەکانە. بەهرەمەندبوون لە هەوا و ژینگەیەکی ساڵم یەکێک لە سەرەتاییترین مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. ئەم مافە سروشتییە بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە لە جەماوەری خەڵک زەوت کراوە. لەئێستادا قەیرانی ژینگەیی لە ئێران بووەتە قەیرانێکی دیکەی جیددی و مەترسیدار کە ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی خستووەتە مەترسییەوە. هەربۆیە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بووەتە پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە مێژووییە کەوتووەتە سەر شانی چینی کرێکار.

***

## ڕێکخراوی جیهانی کار هاودەستی حکوومەتی ئیسلامی دژبە مافی کرێکاران

سەد و دوازدەهەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانی کار ڕێکەوتی ٣ هەتا ١٤ی مانگی ژوئەنی ئەمساڵ لە ژنێڤ بەڕێوەدەچێت. کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ئەم ڕێکخراوە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەدەچێت کە یاساکانی کار، کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سەرمایەدارانەوە موناسباتی کار و سەرمایە پێناسە دەکەن، لە هەموو شوێنێک لەوانە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بە زیانی کرێکاران گۆڕدراوە. دەوڵەتانی سەرمایەداری بە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ڕیازەتی ئابووری و دارشتنی یاسای یەکجار دژەکرێکاریتر لە ڕابردوو، خزمەتگوزاری ڕەفاهی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و جەماوەری




بێبەشیان هێناوەتە خوارترین ئاست. بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی و کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینان، لەسەر کار دەرکردنی کرێکاران و فریزکردنی حەقدەست و سنووردارکردنی مافی یەکیەتییە کرێکارییەکان، بوارە سەرەکییەکانی بەرنامەی ڕیازەتی ئابوورین کە لە هەموو شوێنێک بنەماڵە کرێکارییەکانی خستووەتە ژێر فشارەوە. پەرەپێدانی توندوتیژی و ئەزیەت و ئازاری ژنان و پیاوانی بەرەی کار و زەحمەت، لە دواهاتەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕیازەتی ئابووری و پەرەپێدانی چەوساندنەوەی کرێکارانە.

ڕێکخراوی جیهانی کار هەموو ساڵێ هەیئەتێک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک نوێنەری کرێکارانی ئێران لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا قەبووڵ دەکات. ئەم هەیئەتە

نەتەنیا نوێنەری کرێکاران و داکۆکیکاری مافی چینی کرێکار لەم کۆبوونەیەدا نین، بەڵکوو هەوڵ دەدەن حەقدەستی چەند بەرابەر خوارتر لە هێڵی هەژاری، بێبەریکردنی چینی کرێکار لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی لەوانە مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی مانگرتن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری ئینکار و پەردەپۆش بکەن. ئەوان هەر وەک لە ڕابردووشدا نیشانیان داوە، نەتەنیا لەدژی یاسای کاری دژەکرێکاریی کۆماری ئیسلامی زمانیان ناگەڕێ، بەڵکوو ئەگەر لەلایەن هەیئەتەکانی دیکەشەوە لەمبارەوە پرسیاریان لێ بکرێ، دەست دەکەن بە پاساوکردنی بێمافییەکان و داپۆشینی ڕاستییەکان. ڕێکخرای جیهانی کار لە حاڵێکدا نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەم کۆبوونەوەیەدا قەبووڵ دەکات کە بەباشی دەزانێ ئەم ڕژیمە پابەند بە هیچکام لە پەسندکراوەکانی ئەم ڕێکخراوە نییە. باش دەزانێ کە لە ئێران چالاکانی ناسراو و جێگای متمانەی کرێکاران دەخرێنە ژێر چاوەدێری و دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن.




ئەگەرچی هێندێک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی جیهان، کۆماری ئیسلامی بە خاتری زوڵم و زۆرێک کە دەرحەق بە کرێکاران ئەنجامی دەدات، مەحکووم دەکەن، بەڵام لەبەرامبەردا ڕێکخراوی جیهانی کار لە هەموو ئەم ئیعتڕازانە چاوپۆشی دەکات و بە ڕەواڵی هەموو ساڵێک چەند کەسێکی حکوومەتی لەگەڵ ژمارەیەک خاوەنکاری سەرمایەدار و چەند مۆرەیەکی خانەی کاریگەر و شۆرا ئیسلامییەکانی کار لەژێرناوی "نوێنەری کرێکاران" قەبووڵ دەکات تا لە داڕشتنی بڕیارنامەکانی ئەم ڕێکخراوەدا ڕۆڵ بگێڕن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ قۆناغێکدا نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی بەرەو بەدیهێنانی ڕێککەوتن و گرێبەستەکانی ئەم ڕێکخراوە نەناوە، بەڵکوو سەرەتاییترین مافەکانی کرێکارانی پێشێل کردووە.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا داکۆکیکارانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران بە بەشداری پڕگڕوتین و بە بەڕێوەبردنی میتینگی ناڕەزایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنی بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفڕانسە، بۆشایی بەشدارنەبوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکارانیان لەم کۆنفڕانسەدا پڕ کردووەتەوە. ئەمساڵیش زۆرێک لە چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری جیهان و ڕێکخراوەکانی بەرگریکاری بزووتنەوەی کرێکاری و ژمارەیەک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەئاستی جیهانیدا بە دەرکردنی بەیاننامە و ڕاگەیاندن و بە هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لە شوێنی کۆنفڕانسەکە، تێدەکۆشن ببنە دەنگی کرێکارانی ئێران. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی ئەم هەڵمەتە، کۆنفیدراسیۆنی دێموکراتیکی فەڕانسەیی کار (TDFC)، کۆنفیدراسیۆنی گشتی کار (TGC)، فیدراسیۆنی سەندیکا کرێکارییەکان (USF)، سەندیکای کرێکاریی هاوپشتی (seriadiloS)، سەندیکای نەتەوەیی سەندیکا کرێکارییە سەربەخۆکان (ASNU)، لە فەڕانسە ڕایانگەیاندووە کە ڕۆژی هەینی ٧ی ژوئەن لە کاتژمێر ١٢ەوە لەبەردەم کۆشکی نەتەوەکان لە ژنێڤ، دژبە سەرکوتگەریی ڕژیمی ئێران، بۆ پشتیوانی لە ژنان و پیاوانی زیندانی لە ئێران لەوانە سەندیکالیست و موعەلیمان، و بۆ ئازادی دەستبەجێیان خۆپیشاندان بەڕێوەدەبەن.

لەگەڵ دەستپێکی کەمپەینی نێونەتەوەیی ناڕەزایەتی دژبە بەشداری هەیئەتە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم کۆنفڕانسە، ژمارەیەک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئێران لەوانە سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە، گرووپی یەکیەتی خانەنشینان، کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، کرێکارانی خانەنشینی خووزستان لە ڕێکەوتی ٢٣ی مانگی گوڵانی ١٤٠٣ لە پەیامێکدا ڕوو بە کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی هەموو وڵاتان ڕایانگەیاند: "داوا لە کرێکاران و یەکیەتییە کرێکارییەکانی جیهان دەکەین کە لەئاست پێشێلکردنی مافی کرێکارانی ئێران و سەرکوت و جۆرەکانی تری ستەم کە کۆماری ئیسلامی بەسەر کرێکارانیدا دەسەپێنێ، کەمتەرخەم نەبن. لە خەبات بۆ مافی ئازادی ڕێکخراو، پەیمانە جەمعییەکان و ئازادی زیندانیانی سیاسی بەتایبەت کرێکارانی زیندانی، ببنە زمانی ڕاشکاوی کرێکارانی ئێران و لەم ڕێگەوە هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار نیشان بدەن".

سەرەڕای هەموو ئەم ناڕەزایەتییانە، بەو پێیەی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدات بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەندامی ئەم ڕێکخراوە دەستەبەر بکات، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا بە باوەشی کراوە پێشوازی لە شاندەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات. ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، نوێنەرانی ڕژیمی دژە کرێکاری کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وەک نوێنەری کرێکاران لە وتووێژ و بڕیارەکانیدا بەشدار دەکات. هەربۆیە ڕێکخراوی جیهانی کار بەکردەوە لە پێشێلکردنی مافی چینی کرێکاری ئێراندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بووەتە هاودەست.

***

## کۆماری ئیسلامی لەبەردەم شکستێکی دیکەدا

دوای کوژرانی ئیبڕاهیم ڕەئیسی و هاوڕێکانی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو و لەناکاو بووەتەوە. چونکە کادری ڕێبەری حیزبی پادگانی سپای پاسداران و خامنەیی، ڕەئیسییان نەک بۆ سێ ساڵ و یەک مانگ، بەڵکوو بۆ هەشت ساڵ مانەوە لە پۆستی سەرۆک کۆماری دەستنیشان کردبوو. سەرانی ڕژیم ناچار بوون ١١ مانگ زووتر لە مۆڵەتی دیاریکراو، داڕشتنی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بخەنە دەستووری کارەوە. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە لە ١١ی مانگی ڕەشەممەوە هەتا ئێستا و لە جەریانی بەڕێوەبردنی گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و خوبرگان دوو جار مۆری نامەشرووعبوون لە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامی دراوە. لە جەریانی شانۆی هەڵبژاردنی ١١ی ڕەشەممە سەرەڕای ئیدعاکانی سەرانی ڕژیم، بژاردەی "ئێمە ئیتر دەنگ نادەین"، ڕەئی بێ ڕەئی" و "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" کە پشتر لە دروشمی کرێکاران و خانەنشینان و ناڕازییاندا ڕەنگی دابووەتەوە و لەسەر دار و دیواری شارەکانی ئێران نووسرابوو، لەم شانۆیەدا سەرکەوت. زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگ و شکۆمەندی سیاسیدا و بە وتنی نایەکی گەورە بە گشت کۆماری ئیسلامی، مەشرووع نەبوونی ئەم دەسەڵاتەیان بە هەموو جیهان ڕاگەیاند. لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئیسلامیدا، تەنیا لەسەدا هەشتی دەنگدەرانی خاوەن مەرج لە تاران چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان. لەئێستادا ڕژیمی ئیسلامی لە حاڵێکدا کە لەگەڵ کاریگەری ئەم شکستانە لەسەر ڕیزەکانی خۆی دەست و پەنجە نەرم دەکات، لەبەردەم شکستێکی دیکەدایە.

دوای ئەوەیکە ڕەئیسی بە مێژووی نگریس و پڕ لە تاوانی کۆماری ئیسلامی پەیوەست بوو، خامنەیی خوازیاری بەڕێوەبردنی خێرای "ئینتخابات" بوو و ٨ی مانگی پووشپەڕی ڕۆژی "ئینتخابات" ڕاگەیاند. لەئێستاشدا لەگەڵ کۆتایی ڕێپێوانی تابووتەکان، جموجۆڵ و کێبەرکێی مۆرەکانی حکوومەت، لە بناژۆخوازانی توندڕەو و پارێزکارەوە بگرە تا ڕیفۆرمخوازان و ئیعتداڵگەرایان، بۆ ناونووسی و بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆماری دەستپێکردووە. لە ١٣هەمین نمایشی ئینتخاباتی سەرۆک کۆمار لە جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠، شۆرای نیگەهبان سەلاحیەتی زیاتر لە ٩٨%ی ناونووسراوانی بۆ کاندیدبوون ڕەتکردەوە. تەنانەت خودییەکانی وەک عەلی لاریجانی، ئیسحاق جەهانگیری و ئەحمەدی نەژاد ڕەت کرانەوە تا لەڕێگەی ساختەکارییەکی ئاشکرا ڕەئیسی جەلاد لە سندووقەکانی دەنگدان بێننە دەر. بەڵام لەئێستادا هەر ئەو کەسانەی کە پێشتر ڕەدی سەلاحیەت کرابوون هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی بەیعەتی خۆیان بۆ نیزامی ئیسلامی نیشان بدەن و بۆ بازنەی دەسەڵات بگەڕێنەوە. لە کاتێکدا

کە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، ئیعتدالگەرایان و بناژۆخوازانی دوورخراوە لە دەسەڵات، نەزانانە لەو باوەڕەدان کە بە چوون بۆ ناو ڕەقابەتە ئیتخاباتییەکان دەتوانن بێ ئیعتباری مێکانیزمی هەڵبژاردن لە نیزامی ئیسلامیدا نۆژن بکەنەوە و بۆشایی نێوان میللەت و نیزام پڕ بکەنەوە، جەماوەری ڕەنجدیدەی ئێران بە بەرپاکردنی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەری، بە تێکشکاندنی شانۆکانی هەڵبژاردن نیشانیان داوە کە پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە قۆناغێکی ئاشتیهەڵنەگر و خوازیاری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتەن.

لەم بارودۆخەدا کە کۆمەڵگای ئێران لە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەدا





بەسەر دەبات، بۆ ڕێبەری سپای پاسداران و بناژۆخوازان زەمانەتکردنی مانەوەی ڕژیم نەک لەڕێگەی ڕاکێشانی خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و بەدەستهێنانی مەشرووعیەتی ئینتخاباتی، بەڵکوو لەڕێگەی بەهێزکردنی توانای سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامییەوە دێتە دی. لە جەریانی شانۆی ئینتخاباتی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ هەر بەم مەنتقە ئیبراهیم ڕەئیسی جەلادیان لە سندووقی دەنگدان هێنایە دەر. ئێستاش لە حاڵێکدا کە پرۆسەی ناونووسینی کاندیداکانی پۆستی سەرۆک کۆماری هێشتا تەواو نەبووە، وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی دەڵێ: "خەڵک دەیانهەوێ ڕێگای ڕەجایی و ڕەئیسی درێژەی بێت و دەسەڵاتی دوو لایەنەیان ناوێ" و بەم قسەیەی ڕاستەوخۆ بۆ سەعیدی جەلیلی تەبلیغ دەکات. ئەگەر لە جەریانی ئاخێزە سەرتاسەرییەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و لە جەریانی مانگرتنە کرێکارییەکان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان، کرێکاران و بەشمەینەتانی شار بە کردنە قەڵغانی سینگیان لە بەرامبەر دوژمن نیشانیاندا کە نایانهەوێ ژیانیان بە ڕەواڵی ڕابردوو درێژە بدەن، حکوومەتی ئیسلامیش لە بارودۆخی ئێستادا پەرەپێدانی سەرکوت و ئەمنیەتی کردنی هەرچی زیاتری کەشوهەوای کۆمەڵگای کردووەتە هەم تاکتیک و هەم ستراتێژی مانەوەی خۆی.

لە وەها بارودۆخیکدا بۆ تێکشکاندنی ستراتێژی سەرکوتی بێسنوور و بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە بەشێوەی نەخشەمەند پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ئامادە بکەین. گومان لەوەدا نییە کە کرێکاران و خەڵکی ڕەنجدیدەی ئێران کە لە هەژاری و گرانی، هەڵاواردن و نابەرابەری و کوشتار و قەتڵی حکوومەتی وەگیان هاتوون ئەم شانۆ ئینتخاباتییە پێشوەختەیەی ڕژیمیش بەرەوڕووی شکست دەکەن و بە تێکشکاندنی ئەم نمایشە بۆ جارێکی تر مۆری نامەشرووعبوون لە نێوچاوانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران دەدەن. ئەو جەماوەرەی بەخاتری کوژرانی ڕەئیسی شادییان دەربڕی، بە ڕێکخستنی هەڵمەتی سەرتاسەری، ڕێوڕەسمی دیاریکردنی جێنشینەکەشی تووشی شکست دەکەن. شکستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی خەڵک لەم گاڵتەجاڕییە ئینتخاباتییەش دەتوانێ ببێتە سەنگەرێک بۆ پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لەبواری سازماندان و شکڵدان بە ڕێبەری سیاسی سەرتاسەری.

چینی کرێکاری ئێران سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگایەتی دەتوانێ ڕێکخراوتر بێتە مەیدان. هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی مانگرتنی کرێکاران بەستێنێکی بابەتییە بۆ بەهێزترکردنی ڕێکخستنی چینی کرێکارە کە دەتوانێ زاڵبوون بەسەر نەبوونی ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران خێراتر بکاتەوە. بوونی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە گشتییەکان و هاتنە مەیدانی توێژێکی بەرین لە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بە ئاراستەی شۆرایی، زەرفیەتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانە نیشان دەدات. بەشداری بەرچاوی ژنان لە بزووتنەوەی نارەزایەتی خانەنشینان و مامۆستایان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە بزووتنەوەی خوێندکاری و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێکخستنی سەرتاسەری و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوانە نیشانەی زەرفیەتی بەرینی بزووتنەوەی ژنانە لە بواری ڕێکخستندا. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن دەتوانێ لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی شارەکانیش بە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم گەڕەکانە لەناو ئەنجومەن و شۆراکانی ژنان، بەشێکی دیکە لەم هێزە مەزنە بێنێتە مەیدان. بزووتنەوەی خوێندکاری لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا و بەتایبەت لەماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو گەلێک زەرفیەتی بەرچاوی لە بواری سازماندان و هاوپشتی لەگەڵ باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی نیشان داوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بەشداری بەرچاوی خۆی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری، بوو بە چاو و چرای خەڵکی ئێران و بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە پایەکی سەرەکی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لە ئێرانە. ئەم بزووتنەوەیە بەو ڕێبەرە سۆسیالیست و خۆشناوانەی کە لە دڵی خۆیدا پەروەردەی کردووە توانای ئەوەی هەیە کە هێزی بزوێنەری خۆی ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدان. گەشەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییانە دەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. ئەو مانگرتنانەی کە ئاوێتەی ڕێپێوانی سەر شەقام و کۆبوونەوەی نارەزایەتین دەتوانن دەزگای سیاسی، ئیداری و ئابووری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر بکەن. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران بشێوێنێ. ناکۆکیی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

❊❊❊

## "هۆلۆکاستی خێوەتەکان" لە ڕەفەح و ئەوپەڕی دووڕوویی سەرانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا

ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی مەی ٢٠٢٤ هێزەکانی ئەرتەشی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە درندانەترین هێرشی چەند مانگی ڕابردوو بۆسەر کەمپی ئاوارەکانی فەلەستین لە ناچەی تەل سوڵتان لە باکووری ڕۆژئاوای ڕەفەح، لانیکەم ٤٥ کەسیان کوشت کە ژمارەیەکیان منداڵ بوون و سەدان کەسی تریشیان بریندارکرد. زۆرێک لە ئاوارەکانی ئەم کەمپە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە "ناوچەی ئەمن" بۆ خەڵکی سڤیلی فەلەستینی پێناسەدەکرا، لەناو خێوەتەکانیاندا ئاگریان تێبەربوو. بەهۆی تەقینەوەی ٨ مووشەکی بووئینگی دەستکردی ئەمریکا کە هەر کامیان کێشیان هەزار کیلۆ بووە، دەیان کەس بەزیندوویی سووتان. بە وتەی شایەتحاڵان، هێزەکانی ئیسرائیل بە ئانقەست و بە پێی پلان هێرشیان کردووەتە سەر ئەو ئاوارە فەلەستینیانەی کە لەم خێوەتانەدا پەنایان گرتووە. گرتە ڤیدیۆی پەخشکراوی ئەم هێرشە شەوێکی پڕ لە ئازار دەردەخات کە تێیدا لاشەی سووتاو و نەناسراو و منداڵی سەربڕراو دەبینرێت. ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی گوڵان، هێزەکانی ڕژیمی ئیسرائیل لە هێرشێکی دیکەی ئاسمانی بۆسەر کەمپی پەنابەران لە ئەلمەواسی لە ڕەفەح لانیکەم ٢١ کەسیان کوشت. پێشتریش هێزەکانی ئیسرائیل لە هێرشێکدا بۆ سەر پەناگەی ئاوارەکانی فەلەستینی، لە شاری غەززە، جەبەلیە و نوسیرات،

لانیکەم ١٦٠ فەلەستینییان کۆمەڵکوژ کرد.

کوشتاری بەئانقەستی خەڵکی بێ پەنای فەلەستین لە ڕۆژی یەکشەممە لەلایەن ڕژیمی فاشیستی ئیسرائیل، کە بە "هۆلۆکاستی خێوەتەکان" ناوبانگی دەرکردووە، ئەوپەڕی وەحشیگەری ئەم ڕژیمەی لە جینۆسایدی فەلەستینییەکان نیشان دا. ئەم ڕژیمە لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا زیاتر لە٣٦ هەزار فەلەستینی لە کەرتی غەززە کوشتووە کە زیاتر لە ١٥ هەزاریان منداڵ بوون و زیاتر لە ٨٠ هەزار کەسی بریندار کردووە و نزیکەی ٢ ملیۆن فەلەستینی ئاوارە کردووە. بۆردومانەکەی ڕۆژی یەکشەممە وەڵامی ڕاستەوخۆی حکومەتی فاشیستی بنیامین نەتانیاهۆ بوو بە بڕیارەکەی دادگای نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی سەربازی ئیسرائیل لە ڕەفەح. ڕژیمی تاوانکاری ئیسرائیل کە سەرەڕای ئەو تاوانە ترسناکانەی ئەنجامیان دەدات لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاواوە بێ دریغ پشتیوانی سیاسی، نیزامی و دارایی و میدیایی دەکرێت، ویستی بەم هێرشە نیشانی بدات کە ڕێز لە هیچ کام لە یاسا نێونەتەوەییەکان ناگرێت و هیچ بەربەستێک لەلایەن ئەم یاسایانەوە ناتوانێ



بەربپێبگرێت.

هەروەها ئەم کۆمەڵکوژییە ماوەیەکی کورت دوای ئەوەیکە دادگای نێونەتەوەیی داوای دەرکردنی حوکمی دەستگیری ڕێبەرانی ئیسرائیلی کرد، ئەنجام درا. ئەم بۆردومان و تاوانەی حکومەتی ئیسرائیل کە وەک تۆڵەسەندنەوە لە کاردانەوە بە بڕیاری دادگای نێونەتەوەیی سەیر دەکرێت، تەنیا هێرشی ئەم هێزە داگیرکەرە بۆسەر خەڵکی فەلەستین لەم کەرتە نەبووە. لە دوای بڕیارەکەی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان تا ئێستا، هێزە جەنایەتکارەکانی ئیسرائیل زیاتر لە سەد جار خەڵکی فەلەستینیان لە غەززە بۆردومان کردووە. پێویستە بوترێت کە ڕەفەح شوێنی ژیانی تەقریبەن یەک ملیۆن و نیو ئاوارەی فەلەستینییە کە زۆربەیان لە ژنان و منداڵان پێکهاتوون. ئەوان لە خێوەتە کاتییەکاندا پەنایان گرتووە و لە کاتی دەستپێکی شەڕەوە هەتا ئێستا لە شار و ناوچە شەڕلێدراوەکانی دیکەوە پەنایان بۆ ئەم شوێنە بردووە.

نەتانیاهۆی جەنایەتکار بۆ ڕاکردن لە قەیرانە ناوخۆییەکان، لەوانە خۆپیشاندانی ڕوو لە گەشەی بنەماڵەی بەدیلگیراوان و دۆسیەی گەندەڵی و ناڕەزایەتی خەڵک، مانەوەی خۆی لە مەیدانی سیاسی لە درێژەدانی شەڕی غەززەدا دەبینێ. نەتانیاهۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوانی فەلەستینی لەم هێرشەدا "هەڵەی دڵتەزێن" ناولێنا کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات. هەر ئینسانێکی بەویژدان کە ئاگای لە ڕەوتی شەڕی غەززە و تاوان و درۆودەلەسەکانی حکومەتی جەنایەتکاری ئیسرائیل بووبێ، باش دەزانێ کە هیچ کام لەم جەنایەتانە لە ڕووی هەڵە نەبووە. بەڵکوو کردەوەیەکی بیرلێکراوە لەپێناوی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی فەلەستینە. لە کەس شاراوە نییە کە بەرپرسانی حکوومەتی فاشیستی نەتانیاهۆ چەندین جار و لە بۆنەی جۆراوجۆردا ڕایانگەیاندووە کە خوازیاری نابوودی یەکجاریی غەززەن. کەس وتەکانی یوئاڤ گالانت وەزیری بەرگریی ئیسرائیلی لە مانگی ئۆکتۆبر فەرامۆش نەکردووە کە تێیدا دانیشتووانی غەززەی بە "ئاژەڵی مرۆڤ ئاسا" وەسف کرد. سەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل بە بایەخ نەدان بە ناڕەزایەتی سەدان هەزار کەس لە ناوخۆ، بزووتنەوەی بەرینی جەماوەری و تووڕەیی خەڵکی جیهان لەئاست درێژەی شەڕ، و تەنانەت ناڕەزایەتی ناوەندە نێونەتەوەییەکانی نیزامی سەرمایە، بەردەوام بە پشتیوانی نیزامی و سیاسی ئەمریکا و دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکانی دیکەی جیهان تاوانە فاشیستییەکانیان لە غەززە درێژە دەدەن.

لە بواری سیاسەتی جیهانیشدا سەرانی حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا هەمان هەڵوێستی درۆزنانە و ڕیاکارانەیان دووپات کردەوە. جان کربی، وتەبێژی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی، هێرشی ڕۆژی یەکشەممەی "ئاماژەدار" وەسف کرد و بە ئیدیعای کوژرانی ئەندامانی حەماس پاساوی کرد و سەرەڕای کوشتنی دڕندانەی خەڵکی ئاسایی و بێدیفاع، وتی کە هێرشی نیزامی ڕەفەح هەروەک ئیسرائیل بەڵێنی دابوو هێرشێکی "بەرین" نەبووە. ناوبراو دەستەواژەی بەناوبانگ و درۆزنانەی سەرکردەکانی ڕۆژئاوا واتە "پێویستی پاراستنی ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی سڤیل" و "مافی ئیسرائیل بۆ بەرگریکردن لە خۆی" دووپات کردەوە. وتەبێژی حکوومەتی ئاڵمان کە دووەمین دابینکەری چەکی ئیسرائیلە لە دوای ئەمریکا، قسەکانی نەتانیاهۆی دووپاتکردەوە و هێرشەکەی ڕۆژی یەکشەممەی بە "هەڵە" ناوبرد. ئێمانوئێل مەکرۆن، سەرۆک کۆماری فەڕانسە وتی کە "بەخاتری هێرشەکەی ئیسرائیل کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر کوژراون تووڕەیە". جۆزێف بۆرل بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا وتی: "دوای بیستنی هەواڵی هێرشی ئیسرائیل کە بەهۆیەوە دەیان فەلەستینی لەوانە چەندین منداڵی کەم تەمەن کوژراون، ترساوە"! وە هەموویان داوایان لە دەوڵەتی ئیسرائیل کرد کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم کوشتارە بکات. واتە داوایان لە تاوانکار کرد کە خۆی قەزاوەت لەسەر تاوانەکەی بکات.

بۆ زانینی بەرینایی و ئامانجی کوشتاری ڕۆژی یەکشەممە و جەنایەتەکانی دیکەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین، لەدژی هەواڵنێران و ڕۆژنامەوانان، لەدژی کارمەندانی ڕێکخراوەکانی فریاگوزاری و مرۆڤدۆست پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات. بەتایبەت لێکۆڵینەوە لەلایەن ئەو فاشیستانەوە کە خۆیان ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە. لە کەس شاراوە نییە کە ئامانجی کۆمەڵکوژ و کۆچپێکردنی چەند جارەی خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل، پاکتاوکردنی نەتەوەیی فەلەستینییەکان، برسی ڕاگرتن و ناچارکردنیانە بۆ ئەوەی لەم باریکەیە نەمێنن. کوشتنی لانیکەم ١٠٧ ڕۆژنامەوان و کارمەندی میدیایی لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلیش سیاسەتێکی ئاگاهانە و داڕێژراوە بۆ ڕێگری لە ڕەنگدانەوەی تاوانەکانی ئەم حکوومەتە لە غەززە و بۆ شاردنەوەی ئەم تاوانانە لە بیرورای گشتیی جیهانە.

بەڵام ئەوەی هەشت مانگ تاوان و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل پێمان دەڵێ ئەوەیە کە بۆ کۆتایی هێنان بەم کۆمەڵکوژییە و بۆ ڕاگرتنی شەڕ، نابێ بە دەسەڵاتەکانی جیهان و یان بە ناوەندەکانی سەر بەوان لەوانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا جیهانییەکانی سەرمایە دڵخۆش بکەین. بەڵکوو ڕێگاچارە هێنانە مەیدانی جەماوەر بۆ سەر شەقامەکان و گەشەپێدانی بزووتنەوەی دژی شەڕ بۆ ناوەندە کرێکاری و سەنعەتییەکانە لەئاستی جیهاندا. بەهێزکردن و پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین، بەهێزکردنی بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوانێک کە لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا لە سەرتاسەری جیهان بە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەدژی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل پەیوەست بوون و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەم بزووتنەوە لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارییە کە سیاسەتی دەوڵەتەکانیان بۆ پشتیوانی لە دەسەڵاتی فاشیستی ئیسرائیل بردووەتە ژێر پرسیارەوە.

***

## "ئەگەر حەقدەست زیاد نەکرێ، ناڕەزایەتییەکانمان بەرینتر بەڕێوە دەبەین"

لەگەڵ پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری لەماوەی دوو حەفتەی ڕابردوو، ڕۆژی سێشەممە یەکی مانگی جۆزەردان "شۆرای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی پەیمانی نەوت" وێڕای پشتیوانی لە مانگرتنی کرێکارانی پرۆژەیی بە خواستی زیادکردنی حەقدەست، داوای لە




هەموو کرێکاران کرد کە بەشێوەی بەرین لەم مانگرتن و حەرەکەتە ئیعتڕازییەدا بەشداری بکەن. ئەم شۆرایە ڕایگەیاند: "هەروەک پێشتر ڕامانگەیاندبوو زیادکردنی

حەقدەست خواستی یەکەمی ئێمە کرێکارانی پرۆژەیی نەوتە بۆ گرێبەستەکانی ئەمساڵ. بەلەبەرچاوگرتنی چوونەسەری لەڕادەبەدەری تەوەرۆم، چاوەڕوانی لانیکەمی ئێمە زیادکردنی ٤٥ لەسەدیی حەقدەستە لە هەموو ئاستەکاندا. هەروەها ئێمە کرێکاران لەئاست گێرانەوەی ماڵیاتی نجوومی لە حەقدەستی مانگی گوڵانمان نارازین. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە ئەگەر حەقدەست زیاد نەکرێ ناڕەزایەتییەکانمان بەرینتر بەڕێوە دەبەین". لابردنی یەکجاریی سەقفی حقووق، ئیسلاحی کەفی حقووق، لابردنی بەربەستەکانی حەقی سەنەواتی خانەنشینی، گەڕاندنەوەی ماڵیاتی زیادەی دوو دەیەی ڕابردوو و لەسەر کار لابردنی بەرپرسانی گەندەڵ و ناکارامە، خواستەکانی تری ئێمەن.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی دووشەممە ٣١ی مانگی گوڵان، بە بێ بایەخدان بە مەرگی ڕەئیسی و هاوڕێکانی لە ڕۆژی پێشوو، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی پرۆژەیی سەنعەتی نەوت و گاز بە نەچوونە سەر کار و تەرکی کەمپەکان و گەڕانەوە بۆ شوێنی ژیانیان، مانگرتن و ناڕەزایەتییان لەدژی بەرۆژنەبوونەوەی حەقدەستەکانیان لەمساڵدا دەستپێکرد. کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی عەسەلوویە لە ناڕەزایەتی بە زیادنەکردنی حەقدەستەکانیان و تەنانەت قەبووڵ نەکردنی پەسندکراوی "شورای باڵای کار"ی ڕژیم واتە بردنەسەری ٥٣ لەسەدی حەقدەست لەلایەن خاوەنکاران، بەم مانگرتنە پەیوەست بوون. لەم ڕۆژەدا کرێکارانی بەشەکانی "داربەستی بەندی شیرکەتی گۆستەرش سەنعەتی پادانا"، کرێکارانی "بەرق و ئەبزاری دەقیقی شیرکەتی ستارەی تاراز لە سایتی یەکی بووشێهر، کرێکارانی "بەرق و ئەبزاری دەقیقی شیرکەتی جەهان پارس مسی سەرچشمە"، کرێکارانی "پێترۆشیمی دێهلۆران"، کرێکارانی "ڕەنگ و عایقی شیرکەتی سازەی پاد لە سایتی یەکی بووشێهر" لە ناڕەزایەتی بە وەزعیەتی فەلاکەتباری مەعیشەت و بە خواستی زیادکردنی دەستبەجێی حەقدەست دەستیان دایە مانگرتن.

ڕۆژی سێشەممە یەکی مانگی جۆزەردان مانگرتن پەرەیسەند و چەندین بەشی دیکە لە کرێکارانی پەیمانی نەوت لە عەسەلوویە لەوانە کرێکارانی پێترۆپاڵایشی کەنگان، کرێکارانی شیرکەتی ئازموون فلزی پێترۆشیمی بووشێهر سایتی یەک، کرێکارانی بەرق و ئەبزاری دەقیقی شیرکەتی نیرووئارای پێترۆشیمی بووشێهر سایتی یەک، کرێکارانی شیرکەتی تیو ئێنێرژیی پاڵاوگەی پیشگامان و کرێکارنی شیرکەتی بەهین فەرارادی پاڵاوگەی پیشگامان بە خواستی زیادکردنی حەقدەست و لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی حەقدەستی مانگەکانی پێشوو بەم مانگرتنە پەیوەست بوون.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە دوو حەفتە لەمەوبەرەوە هەموو ڕۆژێ ناڕەزایەتی و مانگرتن لە شارەکانی ئێران بەڕێوەچووە.



ڕۆژی شەممە ٢٢ی مانگی گوڵان کرێکارانی ئەرکانی سالسی نەوت و گاز، بۆ چەندومین جار بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ناوەندی سەرۆک کۆماری و وەزارەتی نەوت، لەئاست بێ وڵام مانەوەی داخوازییەکانیان لەوانە بردنەسەری بڕی حەقدەست و پەسندکردنی تەرحی ساماندەهی دەستیان دایە ناڕەزایەتی. پێویستە بوترێ کە هێشتا حەقدەستی کرێکارانی ئەرکانی سالس کە دوو لەسەر سێی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز پێکدێنن و ڕۆژانە دە تا دوازدە سەعات کاری سەخت ئەنجام دەدەن، یەک لەسەر سێی حەقدەستی کرێکارانی ڕەسمییە. لە حکوومەتی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامیدا بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی خسووسی سازی و پەرەپێدانی چەوساندنەوەی هێزی کار، شێوازی دامەزراندنی کرێکاران، جیاواز و پڕ لە هەڵاواردنە. کرێکارانی ئەرکانی سالس بەو دەستەیە لە کرێکاران دەوترێ کە نە ڕەسمی (واتە ئەرکانی ئەوەڵ) و نە پەیمانی (واتە ئەرکانی دووهەم)ن، بەڵکوو ئەو دەستەیە لە کرێکارانن کە کاتێکی دیاریکراو بۆ دامەزراندنی ڕەسمییان لەبەرچاو نەگیراوە.

ڕۆژی ٢٣ی مانگی گوڵان کۆمەڵێکی بەرین لە کرێکاران بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان دەستیان دایە ناڕەزایەتی و مانگرتن. کرێکارانی پێترۆشیمی مۆکران لە شیرکەتی "ئاوای جەهانبین پارسیان" لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی سێ مانگ حەقدەست بۆ دووهەمین ڕۆژی بەردەوام کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەرپاکرد. لە هەمان ڕۆژدا کرێکارانی خانەنشینکراوی سەنعەتی فووڵاد و خانەنشینکراوانی تەئمینی ئیجتماعیش لە زۆرێک لە شارەکان لەوانە تاران، ئەهواز، دامغان، شاهرورد، قائمشار، ئەراک، کرماشان و شووش کۆبوونەوەی یەکشەممەکانی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد و بە وتنەوەی چەندین دروشم ڕێپێوانیان ئەنجامدا. کرێکارانی خانەنشینکراو لە ئیسفەهانیش وێڕای وتنەوەی چەندین دروشم لە بەرامبەر سندووقی خانەنشینی ئەمشارە کۆبوونەوە و لەئاست دزی و تاڵانکردنی پارەی ئەم سندووقە لەلایەن بەرپرسانی ڕژیم تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی.

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی مانگی گوڵان خانەنشینانی شیرکەتی موخابرات لە ناڕەزایەتی بە وەدینەهاتنی خواستەکانیان لە چەندین شار لە بەرامبەر شیرکەتی موخابرات بە وتنەوەی دروشمی وەک "بەرپرسی بێ لیاقەت شیرکەتی تاڵان کردووە"، "مەعیشەت و خوروبار دەبێ بەرۆژ بکرێتەوە"، "بیمەی تەکمیلی دەبێ ئیسلاح بکرێت" دەستیان دایە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و ڕێپێوانیان بەڕێوەبرد. هەر لەو ڕۆژەدا پەرستاران و پیرسۆنێلی دەرمانی شاری "فەسا" لە بەرامبەر فەرمانداری کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەرپاکرد و نیسبەت بە ئیجرای قانوونی تەعرەفەگوزاری خەدەماتی پەرستاری و ئیزافەکاری ئیجباری بە حەقدەستی کەم، ناڕەزایەتییان دەربڕی. ڕۆژی ٢٩ی گوڵانیش زیاتر لە هەزار و ٢٠٠ کرێکاری شیرکەتی پایەندان ئێکسیر سەنعەت و شیرکەتی "ئای پی ئێم ئای" لە فازی ١٤ی کەنگان دەستیان دایە مانگرتن. ڕۆژی ٣٠ی مانگی گوڵان کرێکارانی ڕەسمی شیرکەتی نەوتی فەلاتی قارە لە خارک لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد.

مانگرتنی ڕێکخراو و سەرتاسەری کرێکاری ئامرازی بەهێزە لەناو دەستی چینی کرێکار کە بە کەڵک وەرگرتن لێی نەتەنیا دەتوانێ هەموو مافەکانی خۆی لە گەرووی ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی و سەرمایەداران و خاوەنکارانی زەرووسفەت دەرکێشێ، بەڵکوو دەشتوانێ هەر بەم ئامرازە دەسەڵاتی سەرمایە بە هەر شکڵ و ڕەنگێکەوە ڕیشەکێش بکات. ڕێبەران و سەرانی دز و گەندەڵی حکوومەتی دژەکرێکاری ئیسلامی تەنیا لە نەبوونی حزووری ڕێکخراوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش توانیویانە هەتا ئێستا درێژە بە دەسەڵاتی نگریسیان بدەن. مانگرتنی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری بە ئامانجی تێپەڕین لە نیزامی سەرمایەداری و بە ئاسۆی سۆسیالیستی دەتوانێ هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان بەشێوەی هاوئاهەنگ وەحەرەکەت بخات. تەنها لەو ڕێگەوەیە دەکرێ ماشێنی سەرکوت و کوشتاری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران زەمینگیر بکرێت و ئاسۆی ڕوونی ژیانێکی ئازاد و خۆشگوزەران و ئینسانی بەرووی کۆمەڵگەدا بکرێتەوە.

***

## شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان:

## ئیبراهیم ڕەئیسی لە هەیئەتی مەرگەوە تا ژەهراویکردنی خوێندکاران

یەکشەممە، ٣٠ی گوڵانی ١٤٠٣، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێران، لەگەڵ ئالی هاشم، نوێنەری وەلی فەقیە و ئیمامی جومعەی تەورێز، حسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوە، مالیک ڕەحمەتی، پارێزگاری ئازەربایجانی شەرقی، سەردار سەید مێهدی موسەوی، فەرماندەی یەکەی پاراستنی سەرۆک کۆمار و ژمارەیەک پاسەوان و تیمی هەلیکۆپتەر لە ڕووداوێکی ئاسمانیدا گیانیان لەدەستدا.

ڕەئیسی لاو بەرپرسایەتیی وەک "مۆعاونەتی گرووهەکی" دادستان، جێنشینی دادستانی دادگای ئینقلابی تاران،



ئەندامی هەیئەتی مەرگ و ئێعدامی هەزاران زیندانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە کارنامەی سەرتایی خۆیدا هەبوو. پاشان ڕەئیسی پۆستی دیکەشی وەرگرت. بۆ نموونە جێگری یەکەمی دەزگای قەزایی، سەرۆکی دەزگای قەزایی، دادستانی گشتی وڵات، ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام، جێگری سەرۆکی مەجلیسی خوبرگان و وەک دواین پۆست لە دەوڵەتی ١٣دا بوو بە سەرۆک کۆمار.

پەروەردە و بارهێنان لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ڕەئیسیدا، لە ساڵانی دوای شۆڕشەوە لە قەیراناویترین دۆخی خۆیدایە. ژەهراویکردنی خوێندنگاکانی کچان، هێرشی هێزی ئینتزامی و ئەمنیەتی بۆسەر خوێندنگاکان، کوتان و لێدان و کوشتنی زیاتر لە ٨٠ خوێندکار و دوو موعەلیم، دەستبەسەر و زیندانی کردنی منداڵانی خوێندکار، ڕەشترین پەڵەکانی ئاسمانی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغی سەرۆک کۆماری ڕەئیسیدا بوو. هەروەها هەڵسووکەوتی ئەمنیەتی لەوانە زیندانی کردن، دەرکردن و دەستبەسەرکردنی زۆرەملێی مامۆستایان، شێوازی دامەزراندنی موعەلیمانی تازە و ڕەوانەکردنی سێ هەزار تەڵەبە، کەمبوونی بەرچاوی موعەلیم لە هەفتەکانی سەرەتای ساڵی خوێندن و نەگەیشتنی کتێبی دەرسی هێندێک لە پایەکان تا یەک مانگی ئەوەڵ، نیشانەکانی دیکەی ناکارامەیی پەروەردە و بارهێنانی دەوڵەتی سێزدەن.

شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران بەردەوام موخالفی سیاسەتی دژەپەروەردەیی و دژەخەڵکی بووە. شانبەشانی هەموو دادخوازان بەردەوام خوازیاری موحاکمەی بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی قەتڵ و کوشتاری خەڵک لە سەردەمی ڕاپەڕینەکان بەتایبەت کوشتنی خوێندکاران و موعەلیمانە. شۆرا، وێڕای مەحکووم کردنی منداڵکوژی لە هەموو شوێنێکی جیهان هیوادارە ئەو کەسانەی کە لە منداڵکوژی بەتایبەت لە ئێران دەستیان بووە لە دادگای خەڵکی و دادپەروەرانەدا سزای تاوانەکانیان وەرگرن.

شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان

***

## ناڕەزایەتیی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## دژبە بەشداریی شۆرا ئیسلامییەکان لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کار

ئەمساڵ کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار ٧ی ژوئەن بەڕێوەدەچێت. چەند دەیەیە چالاکانی کرێکاری و سۆسیالیستەکان لە دەرفەتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کار کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران، بێ مافی کرێکارانی ئێران لەوانە نەبوونی مافی خۆڕێکخستن و مانگرتنی کرێکاران بە گوێی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی دیکەی جیهان بگەیەنن. گرینگی ناڕەزایەتی بە




ڕێکخراوی جیهانی کار بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، بوونی پەیمانی مافی ڕێکخستن و مانگرتنە. چینی کرێکاری ئێران مافی خۆڕێکخستنی نییە و ئەو شورا ئیسلامییانەی کە بەشداری کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار دەکەن، دەست و پەیوەندی کۆماری ئیسلامین و نوێنەری ڕاستەقینەی کرێکارانی ئێران نین. لەم بوارەدا بزووتنەوەی کرێکاری ئێران تەنیا لەگەڵ دەست و پەیوەندەکانی ڕژیمی ئیسلامی ڕووبەڕوو نییە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا ڕەوتەکانی دیکەش هەوڵیان داوە بە کەڵک وەرگرتن لە زەبروزەنگی زاڵ بەسەر ئێران، خۆیان بە نوێنەری کرێکارانی ئێران بناسێنن. دوایین نموونەی کۆنفێدراسیۆنی کارە کە لە ٢٣ی مانگی فێوریەی ئەمساڵدا لەلایەن ناوەندی هانریش ئیبێرت، حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان و "دی جی بی" و بە خستنە پێشی چەند کەس پێکهاتووە. یاسای کاری کۆماری ئیسلامی مافی مانگرتن بۆ چینی کرێکاری ئێران بەرەسمی ناناسێت. ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت دەکرێت و چالاکان و ڕێکخەرانی لەسەر کار دەردەکرێن، دەستبەسەر و ئەشکەنجە و زیندانی دەکرێن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان وێڕای پشتیوانی لە بانگەوازی ناوەندەکانی هاوپشتی، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینی ٧ی ژوئەن لە بەرامبەر بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ بەشداری دەکات. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەشداری شۆرا ئیسلامییەکان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار، سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاری و نەبوونی مافی خۆڕێکخستن و مانگرتنی چینی کرێکاری ئێران مەحکووم دەکات و خوازیاری ئازادی دەستبەجێی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و زیندانییانی سیاسی دیکەیە.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

٣٠ی گوڵانی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٩ی مەی ٢٠٢٤ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

# نامەی دووهەمی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بۆ کرێکارانی هەموو وڵاتان و ناڕەزایەتی دژبە ڕێکخراوی جیهانیی کار ( ILO )

لەم کۆبوونەوەیەدا کرێکارانی ئێران نوێنەریان نییە.

نە دەست و پەیوەندەکانی کۆماری ئیسلامی؛ نە ئەو ئەتەشەکول سازانەی لە دەرەوەی وڵات بەتەمای نوێنەرایەتی کردنی کرێکاران؛ هیچ کامیان نوێنەری ڕاستەقینەی کرێکارانی ئێران نین.

١١٢هەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ڕۆژانی ٣ تا ١٤ی ژوئەنی ٢٠٢٤ لە ژنێف




بەڕێوەدەچێت. کرێکارانی ئێران بەهۆی سەرکوت و بێبەریکردن لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ مافێکیان لەوانە مافی ڕێکخستن و مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان نییە. بە درێژایی تەمەنی ٤٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی، هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و گۆڕینی بارودۆخی سەختی کار و ژیان بەرەورووی سەرکوت و زیندان بووەتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا ڕێکخراوی جیهانی کاریش سەرەڕای ئەو مەنشوور و یاسایانەی کە پێیان دەوترێ یاسا بنەڕەتییەکانی کار، هیچ بایەخێکی بە بەرژەوەندی کرێکارانی ئێران نەداوە و هەروەک هاودەست و یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی، ڕێکخراوە حکومەتییەکانی وەک خانەی کارگەر و شورای ئیسلامییەکانی کار و نوێنەرانی دەستچنی ئەوانی لەجیاتی نوێنەرانی ڕاستەقینە قەبووڵ کردووە و بەم کردەوە دژەکرێکارییەی ئیعتباری بە دوژمنانی کرێکاران بەخشیوە. لەم ڕووەوە ئێمە کرێکاران و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و خانەنشینان خوازیاری وەرنەگرتنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی کارین و خوازیاری بانگهێشت کردنی نوێنەرانی ڕاستەقینە و سەربەخۆی کرێکارانین.

داخوازییەکانمان بریتین لە:

- ئازادیی دەستبەجێ و بێشەرت و مەرجی کرێکارانی زیندانی و هەموو زیندانییانی سیاسی.
- مافی ڕێکخستن، ناڕەزایەتی، مانگرتن، ئەمنیەتی پیشە.
- هەڵوەشاندنەوەی بەتایبەتکردن، گرێبەستی کاتی، هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکانی دابینکردنی هێزی کار.
- هێنانەخواری تەمەنی خانەنشینی، زیادکردنی حەقدەست، کەمکردنەوەی سەعاتی کار.
- قەدەغەکردنی هەڵاواردن لەدژی کرێکارانی کۆچبەر لە ئێران.
- قەدەغەکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و یەکسانبوونی حەقدەست و یارمەتی کار بۆ ژنان و پیاوانی کرێکار.
- قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دابینکردنی بژێوی ژیان.
- خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندنی بێبەرامبەر.
- هەڵوەشاندنەوەی دەستبەسەرکردن، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام.

بێگومان کرێکاران بۆ بەدیهێنانی ئەم داخوازییانە جگە لە خەباتی ڕێکخراو و سازماندانی ڕێکخراوەی جەماوەری خۆیان هیچ ڕێگایەکی تریان نییە. کرێکارانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێویستیان بە هاودەنگی و پشتیوانی ژنان و پیاوانی کرێکارە.

بژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران و سپاس بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هاوکارانمان بەخاتری ئاکسیۆنی ٧ی ژوئەن کە ڕووبەڕووی شوێنی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ژنێف، لە ناڕەزایەتی بە بەشداری هەیئەتی دژەکرێکاریی ئێران کۆبوونەوەیان بەرپا کردووە. دەستیان بەگەرمی دەگوشین.

١٢ی مانگی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتیی خانەنشینەکان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***



# شێعر

## شیعرێک بۆ ئەو دوو برا کۆڵبەرەی کە لە بەفر و بەستەڵەکی زستاندا گیانیان بەخت کرد!

لەو شەوەدا

تۆ بوویت و کێوێک بە کۆڵتەوە و

ئەستێرەیەک بە دونیایەک ئاوات لە دەروونیدا.

لەو شەوەدا

نە خانوویەک پەنای بۆ بەری،

نە کوورەیەک گەرمت کاتەوە،

نە چرایەک بۆ ڕوون کردنەوەی ڕێگات و

نە ڕێگایەک بە مەنزڵی مەقسودت بگەیەنێ،

نە دڵبەندیک کە لە پەنایدا وچان بدەی،

نە گۆرانیەک بە شەوقی تێ چریکاندی لێو بزێوی.

********

ئازیزەکەم!

بە شوێن تۆدا

هیچکات نالێم بەفر و بەستەڵەک گیانیان لێ ئەستاندی.

لەو شەوەدا،

لەو شەوەدا و هەموو شەو و ڕۆژێک

مۆتەکەی مەرگ لەو ناوەدا دێت و دەچێ.

ئەو بوو کێوێکی نایە سەر پشتت،

ئەو بوو کە ئەستێرەی هیوا و هومیدی تۆی کوژاندەوە،

ئەو بوو کە تۆی لە ئازیزانت دوور کردەوە،

گەرمای ماڵەکەتی لێ ئەستاندی،

ڕێگاکەی لێ کوێر کردیەوە و

گۆرانیەکەی لە سەر لێوانت قەتیس کرد.

********

بەڵێ ئازیزەکەم!

بەفر و بەستەڵەک نەبوو،

مۆتەکەیەک بوو،

مۆتەکەی هەژاری و دەد و مەینەت،

مۆتەکەی کوشتار و ئیعدام و چەوسانەوە.

********

ئەرێ ئازیزەکەم!

مۆتەکەیەک بوو،

هەر ئەو مۆتەکەی

کە چل ساڵی ئازگارە


کەوتۆتە بەر گەمارۆی ڤین و نیفرەتی هاوەدەردانت

کەوتۆتە گەمارۆی ڕەزمی بێ ئەمانی هاوچینەکانت.

ن : ناهید وەفایی

و : م . ک

❋❋❋




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥

٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤

٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧